ژمارە (373) سێشەممە 2015/11/3 - 12ی گەلاڕێزان 2715 (500) دینار
رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات
WWW.RUDAW.NET

رووداو وەرزشی



هەموو جیهانی تووشی شۆک کردووە..

# فیلیپ لام دوای 14 مانگ یەکەم هەڵەی کرد

رووداوی وەرزشی - CNBC

فیلیپ لام، کاپتنی یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی کارێک دەکات کە مەحاڵە لە مێژووی تۆپی پێدا دووبارە بێتەوە، چونکە دوای 14 مانگ یەکەم هەڵەی بەرامبەر یاریزانێکی تیپی بەرامبەر کرد، سەرەڕای ئەوەی بەرگریکارە.

لەوانەیە وەرنەگرتنی کارتێکی سوور یان زەرد بۆ ماوەیەکی درێژ لەلایەن بەرگریکارێکەوە کارێکی مەحاڵ نەبێت، ئەگەر زەحمەتیش بێت، بەڵام ئەنجامنەدانی فاوڵێک دژی یاریزانی بەرامبەر لە ماوەی زیاتر لە ساڵێک، کارێکی باوەرپێنەکراوە. کە لە راستیدا فیلیپ لام لەگەڵ یانەی بایرن میونشن ئەوەی ئەنجامداو هەموو جیهانی تووشی شۆک کرد.

رۆژنامەی گاردیانی بەریتانی رایگەیاند، فیلیپ لام لە دوایین یاری بایرن میونشن لە بۆندسلیگادا ناچاربوو شتیڤان ئینەری یاریزانی یانەی ئینتراخت فرانکفۆرت بەربداتەوە سەر زەوی و لەلایەن ناوبژیوانی یارییەکەوە فاوڵێک لەدژی هەژمارکرا، بەمەش هەموو جیهانی تووشی سەرسامبوون کرد، چونکە لام دوای 14 مانگ یەکەم هەڵەی ئەنجامدا، لە کاتێکدا بەرگریکاران هەمیشە فاوڵیان لەدژی دەگیرێت و زۆرجار ناچارن بەئەنقەست ئەو کارە بکەن.

لەو بارەوە گاردیان نووسیویەتی «لەوەتەی مانگی ئەیلولی 2014 لام بەدرێژایی 26 یاری هیچ فاوڵێکی لەدژی نەگیراوە، واتە ماوەی 2350 خولەک هیچ هەڵەیەکی بەرامبەر یاریزانانی بەرامبەر نەکردووە».



## دۆن دابەزی

ڕێژەی گۆڵکردنی ئەم وەرزەی دۆن
بە بەراورد بە 2 وەرزی رابردوو زۆر کەمە..

"دابەزینی توانای جەستەیی کریستیانۆی کردووەتە سەرەڕم"

3»



لەبەرئەوەی بەرامبەر یاریزانێکی ئیسرائیلی یاریکردووە..

## شەترەنجزانێکی بەناوبانگی کورد سڕکراوە

2»



## یەکێکیان لە هەولێرە

یەکێتی تۆپی پێی عێراق لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند کە یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا رەزامەندی نیشانداوە بۆ ئەوەی دوو خولی مەشقی راهێنەران لە جۆری Aی لە عێراق ئەنجام بدرێن، کە یەکێکیان لە شاری بەغداد دەبێت و ئەوەی دیکەشیان لە شاری هەولێر دەبێت. بەگوێرەی ئەو بەیاننامەیە، ئەو دوو خولە رۆژی 2015/11/7 دەستپێدەکەن و ماوەی مانگێک دەخایەنێن. ئەمە لە کاتێکدایە کە لەوەتەی ساڵی 2013وە یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا بە پاساوی نەبوونی سەقامگیری سیاسی، رێگەی نەداوە هیچ خولێکی مەشقی لە عێراق ئەنجام بدرێت".

### رووخساری وەرزی نوێی تۆپی پێی کوردستان هێشتا نادیارە..

# یەکێتی تۆپی پێ تۆپەکەی خستە یاریگەی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستانەوە

**ئەرسەلان عەبدوڵڵا**
**رووداوی وەرزشی ـ هەولێر**

یەکێتی تۆپی پێی کوردستان رایگەیاند پابەندە بە کاتی دەستپێکردنی وەرزی نوێی خول و پاڵەوانیەتییەکانی، بەڵام بە مەرجی دابینکردنی بودجەی یەکێتییەکە و یانەکان، دواکەوتن و ئەنجامنەدانی چالاکییەکانیش دەخاتە ئەستۆی سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپیی هەرێمی کوردستانەوە، سەرۆکی لیژنەکەش رایگەیاند، داواکەی یەکێتیی تۆپی پێ رەتکراوەتەوە.

یەکێتی تۆپی پێی کوردستان پەیامێکی ئاراستەی یانە وەرزشییەکان کردو ئاماژەی بەوەدا، کە دابیننەکردنی بودجە یەکێتییەکەو دواکەوتن و ئەنجامنەدانی وەرزی نوێ، دەکەوێتە ئەستۆی سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان.

یەکێتییەکە لە دواکۆبوونەوەیدا شەممەی رابردوو، پابەندبوونی خۆی بە کاتی دەستپێکردنی چالاکییەکانی وەرزی 2015 ـ 2016 راگەیاند، بەڵام بە مەرجی ئەوەی بودجەی یەکێتییەکە و یانەکان دابینبکرێت.

یەکێتی تۆپی پێ لەگەڵ نوێنەری یانەکان، کە لە 2015/9/5 لە هەولێر کۆبووەوەو بڕیاردرا کە وەرزی نوێی خولی نایاب لە 2015/11/20 و خولی پلە یەکیش لە 2015/12/20 دەستپێبکات، دواتریش نووسراویان بۆ لیژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی کرد بە نووسراوی ژمارە 131 لە 201/9/13، کە بودجەی یەکێتییەکەیان دابین بکەن و نووسراو ئاراستەی حکومەتی کوردستان بکەن بۆ ئەم مەبەستە.

بەڵام لە پەیامەکەی یەکێتی تۆپی پێدا هاتووە "بەداخەوە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپیی هەرێمی کوردستان تاوەکو ئێستا ئامادەنییە نووسراو ئاراستەی حکومەتی کوردستان بکات، بۆیە دواخستن و ئەنجامنەدانی خولەکانی وەرزی 2015 ـ 2016 دەکەوێتە ئەستۆی سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپیی هەرێمی کوردستان".

### تۆپەکە لە یاریگەی ئۆلۆمپییە

یەکێتی تۆپی پێ پێشتر رایگەیاندبوو، بەهۆی ئەوەی ساڵانی رابردوو لەلایەن لیژنەی ئۆلۆمپییەوە گلەیی ئەوەیان لێکراوە، کە ئاگاداری بودجەی یەکێتییەکە نین و نازانن چۆن خەرجیی چالاکییەکانیان دابین دەکەن، ئەم وەرزە یەکێتییەکە بەفەرمی داوای لە ئۆلۆمپی کرد، بودجەی بۆ دابین بکات و ئەم کارە لە ئەستۆ بگرێت، بەمەش یەکێتییەکە تۆپەکەی خستە یاریگەی ئۆلۆمپییەوە.

ئەو پێشهاتە لە کاتێکدایە، کە نزیکەی 10 مانگە لیژنەی ئۆلۆمپیی بودجەی چالاکییەکانی و یەکێتییە وەرزشییەکان و مووچەی کارمەندەکانی وەرنەگرتووەو لەوپەڕی قەیرانی داراییدایە.

### داواکارییەکە رەتکرایەوە

لە بەرامبەر داواکارییەکەی یەکێتی تۆپی پێی کوردستاندا، سەڵاح حەسەن خەسرەو سەرۆکی لیژنەی ئۆلمپیی هەرێمی کوردستان بە (رووداوی وەرزشی) گوت "داواکارییەکەی یەکێتیی تۆپی پێ بە کۆی دەنگ و لە کۆبوونەوەی مەکتەبی تەنفیزیدا رەتکرایەوە، چونکە داوای 2 ملیار دینار دەکەن، ئەمەش پارەیەکی زۆرەو لەم بارودۆخەدا بڕواناکەم دابین بکرێ، پاشان ئەو پارەیە ناهێتە خەزێنەی ئۆلۆمپی و یەکێتی تۆپی پێ خۆی هەڵسوکەوتی پێدەکات".

هەروەها گوتی "نووسراوەکەی یەکێتی تۆپی پێ ئاراستەی مەکتەبی تەنفیزی کراوەو بە تەنیا بۆ من نییە، ئێمە بە کۆی دەنگ بڕیارمان لەسەرداوە".

سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی، هەروەها رایگەیاند "ئێمە 30 یەکێتیی وەرزشی، 4 نوێنەرایەتی، 120 لق و شوێنی دیکەمان هەیە، بە سەدان راهێنەر و وەرزشوانمان هەیە، کرێی بارەگەمان لەسەرە، کە 4 مانگە نەماندواە، هەروەها بە دەیان فەرمانبەر و کارمەندمان هەیە، ئەوە 10 مانگە یەک فلسمان وەرنەگرتووە، ئایا چۆن دەکرێت داوای 2 ملیار دینار بۆ یەکێتی فوتبۆڵ بکەین و ئەوانی دیکەش 2 فلسیان نەبێت".

لە بارەی چارەسەری ئەو کێشەیە، کە وەرزی نوێ هێشتا دەستپێنەکردووە، سەڵاح حەسەن ئاماژەی بەوەدا، ئەگەر حکومەت پارەیان پێبدات، ئەوانیش درێغی ناکەن، بەڵام گوتیشی "نابێت یەکێتییە وەرزشییەکانی دیکەش پشتگوێ بخرێن".



(فۆتۆ: هادی ئەحمەد)



سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی:
**داواکەی یەکێتی تۆپی پێ رەتکرایەوە**

### ناوبژیوان و سەرپەرشتیاران ئامادەن

سەرەرای ئەو پێشهاتەی روویداوە و هێشتا رووخساری دەستپێکردنی وەرزی نوێی خولەکانی تۆپی پێ دیارنییە، بەڵام ئەم هەفتەیە یەکێتی تۆپی پێ تاقیکردنەوەی توانای جەستەیی و تیۆری بۆ سەرجەم ناوبژیوانانی کوردستان لە یاریگەی فرەنسۆ هەریری لە هەولێر ئەنجامداو بەشێوەیەکی پێشکەوتوو تاقیکردنەوەکان بەڕێوەچوون، کە بۆ یەکەمجار پشکنینی چاویش بۆ ناوبژیوانان ئەنجامدرا. هەروەها تاقیکردنەوە بۆ سەرپەرشتیاری یارییەکانیش ئەنجامدرا، کە ئەوانیش خۆیان بۆ وەرزی نوێ ئامادەدەکەن.



ئەرسەلان عەبدوڵڵا

# ماراسۆنی هەولێر و بەرپرسانمان

باسی وشەی "ماراتۆن" یان "ماراسۆن" ناکەم، باسی ئەوەش ناکەم کە ماراسۆنی ئەمجارەی هەولێر، کە هەینی رابردوو ئەنجامدرا، چۆن بەڕێوەچوو.

هەروەها نامەوێ باسی ئەوەش بکەم، کە چۆن فرتوفێڵ کراو چۆن هەندێک لە بەشداربووان سەریان لێشێواو و لە بری دوو فرە بە دەوری شەست مەترییەوە، یەک فرەیان لێدا و پلەکانی پێشەوەیان بەدەستهێنا!!!

هەرچەندە چوارەمجارە ماراسۆنی هەولێر دەکرێ و دەیان پێشبڕکێی دیکەش ئەنجامدراوە، بەڵام ئێمە هەر کەمئەزموونین و فێڵباز و قین لەدڵەکان لە ئاستی ماراسۆنەکانی هەولێر کەمدەکەنەوە.

ئەوە کێشە نییە، چونکە ئامانجە گەورەکە، پەیامی ئاشتییە، پەیامێک، کە ئێستا بۆ کورد زۆر پێویستەو دەبێت بە دنیا بڵێین، کورد ئاشتیخوازە، شەڕ یەخەی گرتووەو باوەشی بۆ هەموو نەتەوەو هەموو بیروڕا و ئازادیخواز و ئاشتیخوازانی جیهانیش کردووەتەوە.

پێموایە پەیامەکە تا رادەیەکی باش گەیشتووەو خەڵکی لە هەموو دنیاوە بۆ بەشداریکردن لەو فێستیڤاڵە وەرزشییە رووەدەکەنە هەولێر، ئەمساڵ هەرچەندە شەڕ هەیەو بارودۆخی تەناهی و ئابووری باش نییە، بەڵام ژمارەی بەشداربووان زیادیکرد، ئەمە جێی خۆشحاڵی و هەڵوەستەکردنە، بەڵام ئەوەی کەمیکردبوو، یان هەر نەبوو، بەشداری بەرپرسانی باڵای کوردستان بوو لە ماراسۆنی هەولێردا.

جێی سەرنج بوو، جگە لە جێگری پارێزگاری هەولێر و قائیمقامی ناوەندیی هەولێر، یەک بەرپرسی دیکەو یەک هونەرمەندو کەسایەتییەکی ناسراوی ئەو هەرێمەم نەبینی بەشداری ماراسۆن بکات و تەنانەت بۆ گرتنی سێلفییەک و بۆ خۆدەرخستنیش بێت، بێتە نێو خەڵک و بەشداربێت.

برۆن لە سایتی گوگڵ سێرچ بکەن، بزانن چۆن سەرۆک و سەرۆکوەزیران و بەرپرسانی دەیان وڵاتی دنیا بەشداری ماراسۆنی وڵاتەکانیان دەکەن.

هیچ کات بەیرووت لە هەولێر ئارامتر نەبووە، کەچی سەعد حەریری و هەیفا وەهبی لە پێشەوەی بەشداربووانی ماراسۆنی بەیرووتن، لە فەڵەستین پرکێشەتر نییە لە دنیادا، کەچی سەلام فەیازی سەرۆکوەزیرانی پێشووم بینیوە لەگەڵ بەشداربووان لە ماراسۆندا.

پۆتینی سەرۆکی رووسیا هەموو هەفتەیەک لە بۆنەیەکی وەرزشیدا بەشداردەبێت و بە جلی وەرزشییەوە دەردەکەوێت، خۆ ئەویش هەمیشە لە کێشە و ململانێدایە.

ئیدی لە ئەفریقاو لە ئەمەریکاو لە ئەورووپاش سەرۆک و بەرپرسان بەشداری ماراسۆن دەکەن، بەڵام بەرپرسانی هەرێمەکەی ئێمە بەشداری ناکەن و نایەوێت نزیکی خەڵک بکەونەوە.

لەوە تێدەگەم بارودۆخەکە گونجاونییە، بەڵام دەرکەوتن و بەشداریکردنی بەرپرسانی باڵای وڵات لە ماراسۆنێکی وەک ئەوەی هەولێردا، دەتوانێت زۆر پەیام و مەسیج بە دنیا بگەیەنێت، هەم دووپاتی ئارامیی کوردستان و هەولێر، هەمیش خۆڕاگری و بەهێزیی میللەت و سەرکردایەتییەک، بەرامبەر دوژمنان و ئەو قەیرانانەی کە روویان تێکردووین.

بەڵام پێشتریش گوتوومەو ئێستاش دەیڵێمەوە، هێشتا بەرپرسان لە باشووری کوردستاندا لە چەمکی راستەقینە و ئامانج و ستراتیژیەتی "وەرزش" و پەیامەکەی نەگەیشتوون و نەیانتوانیوە کاری پێبکەن، بارودۆخی وەرزشی کوردستانیش باشترین بەڵگەیە لەسەر قسەکانم.

### لەبەرئەوەی بەرامبەر یاریزانێکی ئیسرائیلی یاریکردووە..

# شەترەنجزانێکی کورد سڕکرا





### "بەرپرسانی وەرزشیی کورد لە ترسی بەرژەوەندییەکانیان ناوێرن هەڵوێست وەربگرن"

**کارزان کانەبی**
**تایبەت بە رووداوی وەرزشی**

ئەرپاک وریا، یاریزان و پاڵەوانی شەترەنجی پێشووی یانەی خانزاد، بەهۆی یاریکردنی لە بەرامبەر یاریزانێکی ئیسرائیلی رووبەڕووی سزادان بووەتەوەو چەندین مانگە ناتوانێت بەشداری لە پاڵەوانیەتییە ناوخۆی و نێودەوڵەتییەکاندا بکات. ئەو بە (رووداوی وەرزشی) گوت "بەرپرسانی وەرزشیی کورد لە ترسی بەرژەوەندییەکانیان ناوێرن بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزاکەی من هەڵوێست وەربگرن".

ساڵی 2014، ئەرپاک وریا پاڵەوانی کورد، کە ماوەی 35 ساڵ خزمەتی لە بواری وەرزشی شەترەنج هەیە، لە وڵاتی جۆرجیا لەگەڵ کوڕەکەی بەشداری لە پاڵەوانیەتی شەترەنجی نێودەوڵەتی کرد، بەڵام دوای دانانی خشتەی یارییەکان دەرکەوت کە پێویستە ئەرپاک بەرامبەر یاریزانێکی ئیسرائیلی یاری بکات، ئەویش یارییەکەی کرد، بەڵام دواتر بە پاساوی یاریکردن بەرامبەر یاریزانێکی ئیسرائیلی، ئەو یاریزانە کوردە لەلایەن یەکێتی ناوەندی شەترەنجی عێراقییەوە سزادراو سڕکرا، بەو هۆکارەوە ماوەیەکی زۆرە یاریزانی ناوبراو نەیتوانیوە بەشداری لە هیچ چالاکییەکی وەرزشیدا بکات، تەنیا لەبەرئەوەی ئەم یارییەی ئەنجامداوە، بۆیە ئەو گلەیی ئەوەی لە بەرپرسانی وەرزشیی کوردستان هەیە، کە لە بەرامبەر ئەو بڕیارەی یەکێتی ناوەندی شەترەنجی عێراقی هیچ هەڵوێستێکیان نەبووە، ئەو لەو بارەوە تایبەت بە (رووداوی وەرزشی) گوت "بەداخەوە بۆ یەکێتی شەترەنجی کوردستان کە دەسەڵاتی نییە هەڵوێستێک بنوێنێت، پاڵەوانانی عەرەب یاری لەگەڵ یاریزانی ئیسرائیلی دەکەن ئاساییە، تەنیا بۆ من قەدەخەیە، ئەمساڵ دوو یاریزانی قەتەری و ئیماراتی یارییان لەگەڵ یاریزانی ئیسرائیلی کردووەو کەس سزای نەداون". هەروەها گوتی "بەرپرسانی وەرزشیی کوردستان لەبەر بەرژەوەندی خۆیان زۆر بێ هەڵوێست بوون، هەموویان ناوێرن هەڵوێست وەربگرن نەوەک بەرژەوەندییەکانیان تێکبچێت".

ئەو پاڵەوانەی کورد، کە دوای پێنج مانگ لە ئەنجامدانی ئەو یارییە، سزادراوەو بە نووسراوی فەرمی لە پاڵەوانیەتی شەترەنجی نەورۆزی نێودەوڵەتی بێبەشکراوە، پێیوایە دەستەڵاتدارانی وەرزشیی عێراق بە ئاشکرا ستەم لە وەرزشوانانی کورد دەکەن، گوتیشی "تا ئەم بەرپرسە ماستاوچیانەمان هەبن، باوەر ناکەم لە کوردستان جارێکی دیکە یاری بکەمەوە، ئێمەی یاریزانی کورد گیرۆدەی دەستی بەرپرسە دکتاتۆرەکانی بەغداین، من نزیکەی 35 ساڵە بە ناوی عێراق بەشداری لە پاڵەوانیەتییە نێودەوڵەتییەکاندا دەکەم، کەچی ئەوە پاداشتی ماندووبوونی من بوو".





ئینتەرنێتی EXTRA G بەسەر خزم و دۆستانت بەش بکە لە هەر شوێنێکی عێراق بن بەشێوازێکی ئاسان و خێرا

- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەستە بۆ سەرجەم بەشداربووانی ئێکسترا و ئێکسترا VIP و ئێکسترا پڵەس.
- بۆ کاراکردن: سەردانی ماڵپەری "بژاردەکانم" بکە لەرێگەی ئەم لینکە selfcare.korektel.com هەروەها هەژمارێک بۆ خۆت دروست بکە بۆ مەبەستی بەشداریکردن لە ئینتەرنێت.
- دەتوانی ئینتەرنێت بەش بکەی بەسەر 3 ژمارە یاخود بە ئامێرێک کە پاڵپشتی سیمکارت بکات (Korek Modem, Korek Hotspot, Tablet, Mobile ,....) تەنانەت ئەگەر لە هەمان شوێنیش نەبن.
- ماوەی بەردەستبوون: هەمان ماوەی بەردەستبوونی ئەو پاکێجەی هەیە کە بەشداریت لێی کردووە.
- دەتوانی ژمارەکان زیاد بکەی و بیان سڕیتەوە هەروەها دەتوانی قەبارەی هەر بەکارهێنەرێک دیاری بکەی.

| پاکێجەکان | ئێکسترا | ئێکسترا VIP | ئێکسترا پڵەس |
|---|---|---|---|
| قەبارە | 10 GB | 20 GB | 40 GB |
| کاراکردنی پاکێج (د.ع.) | 40,000 | 60,000 | 90,000 |
| ماوەی بەردەستبوون | 30 رۆژ | 30 رۆژ | 30 رۆژ |
| کاراکردنی بەشداربوونی داتاکان (د.ع.) | 7,000 | 6,000 | 5,000 |
| زیادکردنی بەشداربوو (د.ع.) | 5,000 | 4,000 | 3,000 |

korektel.com
411

ڕووداو وەرزشی
ژمارە (373) سێشەممە 2015/10/3



## بەخۆشی بژی

ئەلیکس مۆرگانی کچە یاریزانی هەڵبژاردەی ئافرەتانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەبارەی پێکهێنانی ژیانی هاوسەری و چۆنیەتی دڵخۆشکردنی پیاو لەلایەن ئافرەتەوە، لێدوانێکی سەرنجڕاکێشی داو بووە جێگەی بایەخی ئافرەت و پیاوانی ئەمریکا، کە ئەو پێیوایە ئەو ئافرەتانەی حەز لە تۆپی پێ دەکەن پیاوان دەکەنە کەسی بەختەوەرو گوتی "ئەو ئافرەتانەی عاشقی تۆپی پێن، باشترین هەڵبژاردەن بۆ پیاو. ئافرەتێک کە تۆپی پێی خۆشبوێ بیدەرە پیاوێک بەدرێژایی تەمەنی لە خۆشیدا دەژیت".

هەموو یاریزانانی ڤیلانۆڤینسی فەرمانبەر و بەردەستن..

# بارسا نەیتوانی لە کرێکار و پاککەرەوەکان بباتەوە



**ڕووداوی وەرزشی ـ BARCA4EVER**

کاتێک یانەی بارسیلۆنا لە یاری چوونی قۆناخی 32ی جامی شای ئیسپانیا، نەیتوانی لە یانەیەکی پلە سێی ئیسپانیا بباتەوە، جەماوەری خۆی و بگرە جیهانیشی تووشی سەرسوڕمان کرد، بەڵام سەرسوڕمانییەکە 100 ئەوەندە بوو کاتێک میدیای ئیسپانی پیشەی راستەقینەی یاریزانەکانی ئەو یانەیەی ئاشکراکرد.

یانەی ڤیلانۆڤینسی هەمووانی تووشی سەرسوڕمان کرد، نەک لەبەرئەوەی لەگەڵ بارسا یەکسانبووە، بەڵکو لەبەرئەوەی کاری سەرەکی یاریزانەکانی تۆپی پێی نییەو هەر بە ئارەزوو یاری دەکەن و دوای تەواوبوونی یارییەکانیان دەگەڕێنەوە سەر کاری راستەقینەی خۆیان.


ئەو یارییە کە بۆ زۆربەی یاریزانانی یانەی ڤیلانۆڤینسی بووە رووداوێکی مێژوویی و لەوانەیە لە ژیانیاندا جارێکی دیکە دووبارە نەبێتەوە، دوای ئەوەی کەوتنە بەرامبەر بارسای پاڵەوانی سێ نازناوی وەرزی رابردوو و یەکێک لە گرنگترین و گەورەترین یانە لە جیهاندا. رۆژنامەی مارکای ئیسپانی راپۆرتێکی لە بارەی یاریزانانی ئەو یانەیە بڵاوکردووەتەوەو تێیدا دووپاتدەکاتەوە یارییەکە وەک ئاهەنگێک بووە و هەمووی چاوەڕێیان دەکرد، پاشان یاریزانەکان گەڕاونەتەوە سەر ژیانی ئاسایی و چوونەتەوە سەر کاری سەرەکی خۆیان، نەخاسمە کە داهاتی خولەکانی خوارەوە لە ئیسپانیا بەشی دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان ناکات.

رۆژنامەکە زانیاری لەسەر 3 دیارترین یاریزانی یانەی ڤیلانۆڤیسی و سروشتی کار و گرنگی یارییەکەی سەبارەت بەوان بڵاوکردووەتەوە، ئایا هیوای بردنەوە لەو یارییە مێژووییە دەخوازن. رۆژنامەکە لەگەڵ خابی سانچێزی بەرگریکارێکی یانەکە قسەی کردووە، کە ئاماژە بەوە دەکات کاری ئەو برینپێچییە لە نەخۆشخانەیەکی شاری ڤیلانۆیبا دی لاسیرینا، دووپاتیشی دەکاتەوە "هەموو باسی تۆپی پێ و یاری بارسیلۆنایان لەگەڵ دەکردم لەوەتەی تیروپشەکەکە راکێشراوە، تیپەکە و شەیدایانی تۆپی لە شارەکە زۆر بەختەوەرن، سەبارەت بەخۆم باشترین هێشتا نەهاتووە، کە لە ساتی یاریکردن لە کامپ نو دەبێت".

لەلایەکی دیکەوە یاریزانێکی دیکە قسەی بۆ رۆژنامەکە کردووە، ئەویش پابلۆ مۆراگایە، کە پێش یارییەکەی بارسا پاککەرەوەی ناو یاریگە بووە، ئەو لە کۆمپانیایەک کاردەکات کە کاری پاککردنەوەی هەموو شارەکەی لەئەستۆ دایە.

مۆراگا لە بارەی یارییەکەوە گوتی "من راهاتووم بێمە ئێرە، چ بۆ یاریکردن بێت یان بۆ پاککردنەوەی یاریگەکە بێت، لەگەڵ ئەو کۆمپانیایەی کاری لەگەڵ دەکەم، بەڵام ئەمجارە هاتووم بۆ پاککردنەوەی یاریگەکە و پشان بۆ یاریکردن بەرامبەر بارسیلۆنا دەگەڕێمەوە، ئەوەش بۆ من شتێکی زۆر تایبەتە".

لە کۆتاییدا رۆژنامەکە باسی لایەنێکی ژیانی کاپتنی تیپەکە ئەنخێل پاخویلۆ دەکات، کە لە کۆمپانیا تایبەتەکەی وەک بریکاری دڵنەوایی کاردەکات. ئەو کاپتنە دووپاتیدەکاتەوە هیوای ئەوەی دەخواست بتوانێت تەنیا بە تۆپی پێ بژیێت، بەڵام داهاتەکەی بەشی ناکات، بۆیە رووی لە جیهانی دڵنەوایی کردووە. پاخویلۆ جەخت لەسەر گرنگی ئەو یارییە لە پێناوی چێژوەرگرتن لەپێش هەموو شتێک دەکاتەوە "هەرچەندە ئەنجامی یارییەکە مێژوویی بوو و ڤیلانۆڤینسی لە کامپ نو دەیەوێت باشترین ئاست بەرامبەر باشترین تیپی جیهان پێشکەش بکات".




لە چامپیۆنسلیگدا..

# 5 ژمارەی پێوانەیی چاوەڕێی مێسی و ڕۆناڵدۆ دەکەن

**ئا: رووداوی وەرزشی**

لەم وەرزەدا رۆناڵدۆ و مێسی دەتوانن 5 ژمارەی پێوانەیی تازە لە یارییەکانی چامپیۆنسلیگدا بشکێنن، ئەگەر بێتو لە ئاستی خۆیاندابن، هەرچەندە مێسی تاوەکو ئێستاش بەدەست پێکانەوە دەناڵێنێت. کامەیان ئەمەی پێدەکرێ؟.

ئەو ریکۆردانەی کە دەکرێت مێسی یان رۆناڵدۆ لەم وەرزەدا بشکێنێت، ئەمانەن:

ژمارەی یەکەم: گۆڵی تۆمارکراو لە یاری کۆتایی چامپیۆنسلیگ، ژمارەکە ئێستا بەناوی دووانەی ریال مەدرید، بۆشکاش و دی ستیفانۆیە، مێسی دوو گۆڵی لە یاری کۆتایی ساڵانی 2009 و 2011 تۆمارکردووە، رۆناڵدۆش دوو گۆڵی لە یاری کۆتایی ساڵانی 2008 و 2014 تۆمار کردووە.

ژمارەی دووەم: ئەو یاریزانەی زۆرترین گۆڵی لە قۆناخی کۆمەڵەکان تۆمار دەکات، ژمارەکە ئێستا بەناوی رائوول گۆنزالیسی ئیسپانییە بە 53 گۆڵ. مێسی لە قۆناخی کۆمەڵەکان 44 گۆڵی تۆمارکردووە، رۆناڵدۆش 41 گۆڵی تۆمارکردووە. هەرچەندە ئەم ریکۆردە زەحمەتە ئەمساڵ لەلایەن ئەو دوو یاریزانەوە بشکێنرێت، بەو پێیەی رۆناڵدۆ 3 یاری لە قۆناخی کۆمەڵەکان ماوەو دەبێ 12 گۆڵ لە 3 یاریدا تۆماربکات. مێسیش هێشتا لە پێکانەکەی چاکنەبووەتەوە.

ژمارەی سێیەم: خێراترین گۆڵ لە یارییەکانی چامپیۆنسلیگ، یاریزانی پێشووی بایرن میونشن، رۆی مەکای هۆڵەندی خاوەنیەتی، کە بە 10.12 چرکە لە گۆڵی ریال مەدرید تۆمارکردووە. مێسی خێراترین گۆڵی ساڵی 2008 بوو لە گۆڵی بازلی سویسری، رۆناڵدۆش خێراترین گۆڵی ساڵی 2013 بوو لە گۆڵی یوڤانتۆسی ئیتاڵی.

ژمارەی چوارەم: خێراترین هاتریک، ژمارەکە ئێستا بەناوی بافیتیمبی گۆمێزی یاریزانی لیۆنی فەرەنسییە، کە ساڵی 2011 بە 8 خولەک 3 گۆڵی لە گۆڵی دیناموٚ زەگرب تۆمارکرد. مێسی زۆترین هاتریکی لە چامپیۆنسلیگ تۆمارکردووە، بەڵام خاوەنی خێراترین سێ هاتریک نییە لە یەک یاریدا. رۆناڵدۆش ساڵی 2013 خێراترین هاتریکی لە گۆڵی گەلاتەسەرای تورکی تۆمارکرد، لە ماوەی 27 خولەکدا.

ژمارەی پێنجەم: تۆمارکردنی گۆڵ لە یاری لەدوای یەک، خاوەنی ئەو ژمارەیە، رۆد ڤان نیستلرۆی هۆڵەندییە لە 9 یاری، رۆناڵدۆ لە وەرزی رابردوو لەو ژمارەیە نزیکبوو دوای ئەوەی لە 8 یاری لە دوای یەک گۆڵی تۆمارکرد. بەڵام مێسی لە بواری گۆڵ تۆمارکردن لە یاری لەدوای یەک شتێکی ئەوتۆی نەکردووە.

"مێسی 9 گۆڵ و رۆناڵدۆش 12 گۆڵی ماوە ریکۆردێکی رائوول بشکێنن"

راهێنەر داوای لێکردووە بۆ بەرگریکردن نەگەڕێتەوە دواوە..

# توانای جەستەیی رۆناڵدۆ لە پاشەکشەدایە

"ئەم وەرزە لە 13 یاریدا 13 گۆڵی کردووە، وەرزی رابردوو لە 10 یاریدا 17 گۆڵی کردبوو"

**ئا: رووداوی وەرزشی**

کریستیانۆ رۆناڵدۆ، بە گرنگترین یاریزان لە ریال مەدرید دادەنرێت لەو ساڵانەی دواییدا، ئەوەش بەهۆی ئاستی بەهێز و نەگۆڕ و گۆڵە زۆرەکانیەتی کە بەپێش هەموو پێشبینییەکان کەوتووە، بەڵام لە وەرزی ئەمساڵدا شتی تازە بەسەر ئاستی دۆندا هاتووە، کە ماوەیەکی زۆرە ئاستی پاشەکشەی کردووە.

هەرچەندە رۆناڵدۆ گۆڵی زۆر تۆماردەکات و یارمەتی ریال مەدرید دەدات یارییەکانی بباتەوە، کەچی زۆر لە تایبەتمەندییەکانی لەدەستداوە، کە دەبێت لە یاریزانی باڵ هەبێت نەخاسمە لە ئاستی کریستیانۆ رۆناڵدۆ، کە بە برینی یاریزانان، خێرایی و دروستکردنی جیاوازی لە کاتی هێرشی خێرا ناسراوە، بەر لەوەی لەگەڵ تێپەڕبوونی کات هەموو ئەو شتانە لەدەستبدات.

### 13 گۆڵ لە 13 یاری

ئامارەکانی کریستیانۆ لەو وەرزەدا لەگەڵ ریال مەدرید، دووپاتی دەکەنەوە کە ئەو یاریزانە ناتوانێت هەمان ئەو ئاستە پێشکەش بکات، کە جەماوەر لەسەری راهاتوون، دۆن لەم وەرزەدا 13 گۆڵی لە 13 یاری لیگا و چامپیۆنسلیگ تۆمارکردووە، کە 10 گۆڵی بەیەک قاچ بەرکەوتن و پاسی ئەسیستی هاوڕێکانی بووە، ئەوەش دووپاتیدەکاتەوە دۆن بووەتە هێرشبەری راستەقینەی ریال مەدرید لە شوێنی سەرەڕمی کلاسیکی. شرۆڤەکار و چاودێران دەڵێن "یارمەتی نەدانی هاوڕێکانی لە هێرشبردن و مانەوەی لە نێو ناوچەی سزا، ئەو راستییە دووپاتدەکاتەوە کە دۆن بەرە بەرە دەبێتە سەرەڕمێکی تازەی تیپەکەی".

### بیر لە توانای جەستەیی خۆی دەکاتەوە

ئەگەر رۆناڵدۆ توانیبێتی پارێزگاری لە هەستی گۆڵکردنی بکات و تاوەکو ئێستا 13 گۆڵ تۆمار بکات، ئێستا بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت پارێزگاری لە توانای جەستەیی خۆی بکات، چونکە پێدەچێت دوای گەیشتنی بە تەمەنی 30 ساڵی، نەتوانێت بەهەمان ئاست یاری بکات کە خەڵکی لەسەری راهاتوون، بەتایبەتی گەڕانەوە بۆ بەرگریکردن یان ناوەڕاستی یاریگە و بەشداریکردن لە هێرشی هەڵگەڕاوە، یان یاری دروست بکات و چارە لە پێش ناوچەی سزای تیپی بەرامبەر بدۆزێتەوە، کە رافا بینیتێزی راهێنەری ریالیش دانی بەوەدانا، کە لەکاتی بەرگریکردن لە مووشەکی مادێرا، گوتی "رۆناڵدۆ لەسەریەتی لە پێشەوە بمینێتەوە و گۆڵ تۆمار بکات، نەوەک بەرگریکردن کە داوای لێنەکراوە ئەوە بکات".

### ئامارەکانی وەک دوو وەزری رابردوو نین

رۆناڵدۆ ئەم وەرزە 13 گۆڵی لە یەکەم 13 یاری تۆمارکردووە، بەڵام ئەو ئامارە لە ژمارەی دوو وەرزی رابردووی زۆر کەمترە. لە وەرزی رابردوودا لە 10 یاری یەکەمدا 17 گۆڵی تۆمارکردبوو، لە وەرزی پێشووتریشدا لە 9 یاری یەکەمدا 15 گۆڵی تۆمارکردبوو، ئەوەش جارێکی دیکە پاشەکشێکردنی دەسەلمێنێت، کە بەپلەی یەکەم بۆ توانای جەستەیی دەگەڕێتەوە و ناتوانێت هەمان ئاستی جارانی پێشکەش بکات، بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا رۆناڵدۆ هەر بە کۆڵەگەی سەرەکی و یەکەمی یانەی شاهانە دەمێنێتەوە لەم وەرزەشدا.

### لەگەڵ بینیتێز ڕێککەوتووە

رافا بینیتێزی راهێنەری ریال مەدرید پێشتریش بە روونی باسی کردووە، ئەو زۆر بە وردی چاودێری توانای جەستەیی هەموو یاریزانەکانی دەکات و داوا لە هەندێکیان دەکات، بەهۆی پێکانی زۆری یاریزانەکانی ئاگایان لە توانای جەستەییان بێت، ئەوەش وای لە هەندێ دەزگای راگەیاندن کرد هەست بە بوونی رێککەوتنێک لە نێوان راهێنەر و رۆناڵدۆ، لەسەر ئاگابوون لە توانای جەستەیی بکەن، چونکە ماوەی داهاتوو زۆر ئەستەمتر دەبێت، ئەوەش دەرفەتێکی باشە بۆ گاریس بەیلی وێلزی، بۆ ئەوەی ئاستی خۆی بسەلمێنێت و چی هەیە پێشکەشی بکات، بۆ ئەوەی لەلایەن هاندەران و دەستەی کارگێڕییەوە پشتیوانی لێبکرێت، کە لەوەتەی هاتووە ریال مەدرید ئاستی وەک پێویست نییە و زۆرجاریش تووشی پێکان بووە.



"رۆناڵدۆ لە کۆی 13 گۆڵی ئەم وەرزەی تەنیا 3 گۆڵی بە کۆششی خۆی تۆمارکردووە"



**راستە**

خۆزێ ماریا ئۆرۆبیتیگی بەڕێوەبەری کارەکانی کریستیان تیۆی یاریزانی پێشووی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی و ئێستای پۆرتۆی پورتوگالی، ئەو قسانە پشتڕاست دەکاتەوە، کە باس لە تووڕەبوونی ئەو یاریزانە لە یانەی بارسێلۆنا دەکەن، گوایە نایەوێ جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بارسا، بەهۆی ئەوەی دەستبەرداری بووەو لەو بارەوە گوتی «ڕاستە، تیۆ هەرگیز ڕازی نییە جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بارسا، چیدی ئەو یانەیە پاشەڕۆژی تیۆ نییە، ئەو زۆر دڵخۆشە لەگەڵ پۆرتۆ و لەوێش دەمێنێتەوە».

# کلۆپ شکومەندی بۆ لیڤەرپوول دەگێڕێتەوە

**رووداوی وەرزشی ـ DW**

لەو کاتەوەی یۆرگن کلۆپ ئەرکی ڕاهێنەرایەتی یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی وەرگرتووە، جەماوەر لە ئینگلتەرا جارێکی دیکە باسی خەونی گەڕانەوەی ئەو یانەیە بۆ شکۆمەندییەکان دەکات. بەڵام ئایا کلۆپ بە کردەوە دەتوانێت شکۆمەندییەکانی ئەو یانەیە بگێڕێتەوە، کە لە ئینگلتەرا زۆرترین جار نازناوی چامپیۆمسلیگی بەدەستهێناوە؟.

یانەی لیڤەرپوول خاوەن جەماوەرێکی نایابە و یاریگەی ئەنفیڵدیش یەکێک لە دێرینترین یاریگەکانی ئینگلتەرایە، ئەوەش وا دەکات یارییەکانی تیپەکە بە تاقیکردنەوەیەکی ئەستەم بۆ هەموو ڕکابەران دابنرێت، نەخاسمە کە جەماوەر پشتیوانی لە تیپەکەی دەکات و لە پشتی ڕاهێنەر دەوەستێت کە باوەڕی بە تواناکانی هەیە. بێجگە لەوەی لیڤەرپوول ئامادەیە پارەی زۆر بۆ هێنانی ئەستێرەکانی جیهان خەرج بکات، کە کلۆپ لەوەیاندا سەرکەوتوو دەبێت، چونکە خاوەن کەسایەتییەکی بەهێزە و ئەستێرەکان پێیان خۆشە لەژێر سەرپەرشتی ئەو یاری بکەن. هەروەها کلۆپ دەتوانێت تیپی ناوەندی بکات ڕکابەری بەهێز لەسەر نازناوەکان، وەک ئەوەی لەگەڵ بورۆسیا دۆرتمۆند رووی دا، ئەو کاتەی کلۆپ بووە ڕاهێنەری تیپەکە ڕکابەرێکی بەهێز نەبوو، بەڵام کلۆپ کردییە لە زەویدەری بایرن میونشن و گەیاندییە یاری کۆتایی چامپیۆنسلیگیش.

کلۆپ لەسەرەتای بوونی بە ڕاهێنەری لیڤەرپوول جەختی لەوە کردەوە، ناتوانێت بە شەو و ڕۆژێک ئاست و ئەنجامەکانی لیڤەرپوول بگۆڕێت و ئاماژەی بەوە کرد، گرێبەستەکەی بۆ ماوەی 3 ساڵە و لە دوایینساڵیدا بێگومان هەندێ نازناوی بەدەست دێنێن. ئەو لێدوانەی کلۆپ زۆر زیرەکانەیە و دەیەوێ لەسەرەتای کارەکانی فشار لەسەر شانی خۆی دوور بخاتەوە، ئەو هەستە بۆ یاریزانەکانیش دەگواسترێتەوە و لە نێو یاریگەدا زیاتر سەربەستیان دەکات.

# تۆقاندن پلانی یۆرگن کلۆپە

**رووداوی وەرزشی ـ DW**

«T.E.R.R.I.B.L.E» یان «نایاب» بەو وتەیە ڕاهێنەری ئەڵمانی یۆرگن کلۆپ، وتارەکەی ئاراستەی یاریزانانی لیڤەرپوول کرد، لە شەوی پێش یاری بۆرنمۆس لە جامی ڕابیتەی ئینگلیزی، بۆ هاندانی یاریزانەکانی بۆ ئەوەی باشترین ئاست پێشکەش بکەن و تیپی بەرامبەر بتۆقێنن.

هەرچەندە سەرەتای کلۆپ لەگەڵ لیڤەرپوول وەک پێویست نەبوو، لە یەکەم سێ یاریدا نەیتوانی یەکەم سەرکەوتن لە پریمەرلیگ تۆمار بکات، کە لەگەڵ تۆتنهام، ساوساهامبتۆن لە پریمەرلیگ و ڕۆبین کازان لە خولی ئەوروپا یەکسان بوو، لە یاری چوارەمدا توانی یەکەم سەرکەوتن لە جامی ڕابیتەی ئینگلیزی بەدەستبێنێت و دواتریش لە پریمەرلیگدا توانی بە پێشکەشکردنی ئاستێکی بەرز و بە 3 ـ 1 لە چێڵسی بردەوە. ئەویش بۆ ئەو شێوازە نوێیەی هاندان دەگەڕێتەوە کە کلۆپ بەکاریهێنا لە ڕێگەی نووسینی وشەی «تۆقێنەر» لەسەر تەختەی پلانەکان لەکاتی کۆبوونەوەی تیپەکەیدا. لەو بارەوە کلۆپ ئاماژەی بەوەکرد کە دەیەوێ یاریزانەکانی ترس و تۆقێن لە ڕیزەکانی تیپی بەرامبەر بنێنەوە، بۆ ئەوەی یاریزانەکان وا هەست بکەن لە ڕەوشێکی تۆقێنەر دان لەسەر یاریگە، ئەوەش بەهۆی شێوازی یاریکردنی تۆقێنەر کە دەیەوێ لە یارییەکە پیادەی بکات. ئەو پلانە لەگەڵ بۆرنمۆس سەرکەوتوو بوو، بەڵام ئایا ئەو پلانەی هاندان بۆ یارییەکانی داهاتووش سوودی دەبێت و پاڵ بە یاریزانەکانی لیڤەرپوولەوە دەنێت، باشترین ئاست پێشکەش بکەن و یارییەکان ببنەوە؟.

## ئامار و زانیاری

* کلۆپ دووەم ڕاهێنەری ئەڵمانییە سەرپەرشتی یانەیەکی پریمەرلیگ بکات، لەدوای فلیکس ماگات، کە ڕاهێنەری یانەی فۆلهام بووە.
* خاوەنی زۆرترین بردنەوەیە لەگەڵ بورۆسیا دۆرتمۆند لە بۆندسلیگادا، کە 133 بردنەوەیە.
* لە 270 یاریدا سەرپەرشتی یانەی ماینزی کردووە. 109 یاری بردووەتەوە، 78 یەکسان و 83 دۆڕانیشی هەیە.
* لە 318 یاریدا سەرپەرشتی بورۆسیا دۆرتمۆندی کردووە. 179 یاری بردووەتەوە، 69 یەکسان و 70 دۆڕانیشی هەیە.
* دووجار نازناوی بۆندسلیگای بردووەتەوە (2011 و 2012). دووجاریش پلەی دووەمی بەدەستهێناوە (2013 و 2014).
* ساڵی 2012 جامی ئەڵمانیای بردووەتەوەو لە ساڵانی 2014 و 2015ش لە یاری فیناڵدا دۆڕاوە.
* لە ساڵی 2013 گەیشتووەتە یاری کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا و بە بایرن میونشن دۆڕاوە.
* لەگەڵ ماینز و بورۆسیا دۆرتمۆند، 20 جار ڕووبەڕووی بایرن میونشن بووەتەوە، 5 جار سەرکەوتوو بووە، 4 جار یەکسانبووەو 11 جاریش دۆڕاوە.



«کلۆپ خاوەن کەسایەتییەکی بەهێزە، بۆیە ئەستێرەکان پێیانخۆشە بچنە یانەکەی»



# لە پشت پەردەوە

لەم گۆشەیەدا، بە چەند ئەڵقەیەک هەندێک نهێنی پشت پەردەی ئەستێرەکانی تۆپی پێ دەخەینەڕوو، کە ئەو ئەستێرانە یان نووسەرانی دیکە لە یاداشتەکانیاندا ئاشکرایانکردووە.

### بەسەرهاتەکانی ڕۆی کین

ئەوەی لێرە باس دەکرێت، هەمووی لەسەر زاری ڕۆی کینی ئەستێرە و کاپتنی پێشووی هەڵبژاردەی ئێرلەندا و یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزییەوە گوتراوە، لە کتێبی (ڕۆی کین.. گێمی دووەم)دا، کە تێیدا بەسەرهاتەکانی خۆی لە جیهانی تۆپی پێیدا باس دەکات.

### ڤیدیۆی ئابڕووبەر

«لەبەرئەوەی دوای دۆڕاندنمان بە میدلزبرە، لە دیداری کەناڵی MU.TVی یانەکەماندا ڕەخنەم لە هەموویان گرت، کێشەکانم ئاڵووزتر کردن».

«لە دیدارەکەدا گوتم: خراپ بوو. هەموو خراپ بوون. بەرگری خراپ بوو و دەبێت ئاستی باشتر پێشکەش بکەین».

«ڕۆژی دواتر پێیان ڕاگەیاندم دیدارەکە لەبەر ئەو قسانەی کردم بڵاوناکرێتەوە».

«پێمگوتن: وابزانم ئەو قسانەی کردم زۆر خراپ نەبوون، ئەوانە تەنیا ڕاستین و دەرم بڕیون».

«بەڵام چیرۆکەکە گەیشتە ڕاگەیاندنەکان، دەمزانی ئەوە شتێکی باش نییە. من دڵنیام یەکێک لە یونایتد دزەی بە چیرۆکەکە کردووە، بۆیە هەموو دەستیان بە ڕەخنەگرتن کرد».

«هەموو ئەو شتانەی تاوەکو ئێستا دەگاتە ڕاگەیاندنەکان، گوایە من لەو دیدارە باسی کرێی یاریزانەکانم کردووە شتێکی تەواو هەڵەیە، ئەو قسانە ڕاست نەبوون، من قەت باسی ئەو شتانەم نەکردبوو».

پێمگوتن: گەنجەکان.. هەمووتان بینیتان لە ڕاگەیاندنەکان چی ڕوویدا. تەنیا بۆ ئەوەی بزانن هەموو قسەی پڕوپووچن، من هەرگیز باسی هەندێ شتی وەکو کرێی یاریزانانم نەکردووە. هەمووی قسەی پڕوچووچە».

«کە قسەم دەکرد هیچ یاریزانێکی هاوڕێم نیگەران دیار نەبوو، بەڵام لە دواوەی مێشکم بەشێک لەمن بیری دەکردەوە: لەو ڤیدیۆیە چی ڕوویداوە؟ بە وردی چیم گوتووە؟ وەک ئەوەی ڤیدیۆیەکی ئابڕووبەر یان چەکی ئەتۆمی بێت».

«باسەکەمان کاژێرێک زیاتری خایاند. لەجیاتی دەرچوون و مەشقکردن باسی ئەو ڤیدیۆیەمان دەکرد».

### بەدەنگهاتنی فێرگسۆن

« پاشان چوومە نووسینگەی ڕاهێنەر بۆ ئەوەی پێی بڵێم لەبەرچی لە دەرەوە مەشقمان نەدەکرد. پێیگوتم: باشە ئێستا دێم».

«ئەلیکس فێرگسۆن هات و خۆی کرد بە ژوورەکەو بە تووڕەییەوە گوتی: چی لێرە ڕوودەدات؟ لێی پرسیم ئایا ئامادەی داوای لێبوردن بکەی؟».

«پێمگوت: هیچ شتێک نییە بمەوێ داوای لێبوردنی لەسەر بکەم. بۆچی داوای لێبوردن بکەم، وابزانم ڤیدیۆییەکە زۆر ئاسایی بوو».

«هەر بە تووڕەیی گوتی: باشە، کەواتە من نیشانت دەدەم. بە هەموانی گوت: ئێستا هەمووتان بڕۆنە نووسینگەکەم بابچین ڤیدیۆییەکە ببینین».

« کە بەسەر پەیژەکان سەر دەکەوتم بیرم دەکردەوە: لەوانەیە من لێرە تووشی شۆک بم. بەڕاستی لەو ڤیدیۆیە چیم گوتووە؟. نەمدەزانی چ شتێکی خراپم باس کردووە؟ دەگوت دەبێ ئاگام لەخۆم نەبێت و هەڵەیەکی گەورەم کردبێت».

### قسەی پڕوپووچ

«بەڵێ بەدڵنیاییەوە هەرگیز ئەو شتەم نەکردووە».

«بۆیە دوای ماوەیەک یاریزانەکانم لە ژووری جلگۆڕین کۆکردەوە و



## جوانترین لێدوانەکانی هەفتە



ئەگەر خولی ئیسپانیا بارسێلۆنای نەوێت، ئەوا بێگومان بارسا دەتوانێت لە خولی فەرەنسا یان ئیتاڵیا یان ئینگلتەرا یاری بکات

خوان لاپۆرتا
(سەرۆکی پێشووی یانەی بارسێلۆنا)



زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ لە مێسی و ڕۆناڵدۆ باشترە، چونکە هیچ کەسێک نییە درێژی باڵای 197 سانتیمەتر بێت و هەمان هونەری مێسی و ڕۆناڵدۆی هەبێت

مینۆ ڕایۆلا
(بەڕێوەبەری کارەکانی زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ)



مێسی بە ڕۆناڵدۆ و ڕۆناڵدۆینهۆ بەراورد دەکرێت نەک بە پێلێ، نیماریش هەرگیز یاریزانێکی سوپەر نییە، من 10 ئەوەندەی نیماری ئێستا باشبووم

پێلێ
(ئەفسانەی تۆپی پێی بەرازیل)



مۆرینیۆ لەو ڕاهێنەرانە نییە پێتبڵێت چیبووە؟ چیت بەسەرهاتووە؟ ئەگەر 100% ئاستی خۆت پێشکەش نەکەی هەرگیز چاوەڕێ مەبە دەست لەسەر شانت دابنێت

ئەڵڤارۆ ئەربیلوا
(بەرگریکاری یانەی ڕیال مەدرید)



من بینیتێز باش دەناسم، گوێ ناداتە ئەوانەی ڕەخنەی لێدەگرن کە بە پلانی بەرگری یاریدەکات، گرنگ لای ئەو بردنەوەی نازناوەکانە

داڤید ئەلبێلدا
(کاپتنی پێشووی یانەی ڤالێنسیا)



هەر دەڵێن یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا پشتی ڕیال مەدرید دەگرێت، بەڵام لە ڕاستیدا تیباسی سەرۆکی ئەو یەکێتییە بارسێلۆنای لە ڕیال مەدرید خۆشتر دەوێت

پاکۆ گۆنزالیس
(ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی ئیسپانی)

## درۆیە



ریکاردۆ ئۆلیڤێرای هێرشبەری هەڵبژاردەی بەرازیل و یانەی سانتۆس ئەو هەواڵانەی ڕەتکردەوە کە باس لە ویستی ئەو بۆ یاریکردن لە ریزەکانی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی دەکەن، گوایە ئەو داوای لە بەرپرسانی بارسا کردووە گرێبەستی لەگەڵ بکەن و لەو بارەوە گوتی «درۆیە، بەهیچ شێوەیەک داوام لە کەس نەکردووە بچمە ریزەکانی بارسا، هیچ پەیوەندییەکیش لەنێوان من و بارسادا نییە، ئەو قسانە تەنیا پڕۆپاگەندەی بێ مانان، بەڕاستی پێکەنینم بەو قسانە دێت».

# دێربی ڕۆما بە تامی فاشیزم



**ڕووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

دێربی ڕۆم، یەکێکە لە بەهێزترین دێربییەکان و پڕ جەماوەریترینە لە ئەوروپا، کە هەردوو یانەکەی پایتەختی ئیتاڵیا، ڕۆما و لازیۆ کۆدەکاتەوە، ئەگەر ڕژێمی فاشیزم نەبایە، کە لە بیستەکانی سەدەی رابردوو تاوەکو کۆتایی جەنگی دووەمی جیهان دەسەڵاتی ئیتاڵیای بەدەستەوە بوو، ئەو دێربییە ڕۆناکی نەدەبینی.

ڕژێمی فاشیزم، ساڵی 1927 بڕیاریدا هەموو یانەکانی ڕۆمای پایتەخت لێکبدات و بیکاتە یەک یانەی بەهێز، بۆ ئەوەی بتوانێت نوێنەرایەتی شاری ڕۆما بکات و بەڕووی یانەکانی ئەوکاتی باکوور بوەستێتەوە، کە هەژموونی بەسەر خولی ئیتاڵیا هەبوو، یانەکانی دی ڕۆما، ئەلبا ئۆداچی و فۆرتیتۆدو یەکخران و تەنیا یەک یانە لەو لێکدانە ڕزگاری بوو، ئەویش لەبەر هۆکاری فاشیستی بوو. جەنەراڵ جۆرجینۆ فاکارۆ کە لە پارتی فاشیزم دەسەڵاتدار بوو، هاندەرێکی سەرسەختی لازیۆ بوو، بۆیە توانی بەرپرسان ڕازی بکات یانەی لازیۆ وەک خۆی بهێڵێتەوە، بەمەش تەنیا هەردوو یانەی ڕۆما و لازیۆ مانەوە. واتە دێربی ڕۆما بە فەرمانێکی فاشیستی دروست بوو. کە ئێستا هەمیشە هاندەرانی ئەو دوو یانەیە لە یاری دێربی ڕۆمادا بەو پەڕی حەماسەت و پەرۆشەوە لەدژی یەکدی هانی یانەکانیان دەدەن و هەندێجار توندوتیژیشی لێدەکەوێتەوە.

## دێربی میلانی تێدا نییە..

# بەهێزترین دێربییەکانی جیهان

**ڕووداوی وەرزشی ـ CNBC**


تۆڕی TALK SPORT ئینگلیزی لیستی بەهێزترین دێربی ئێستای تۆپی پێ لە جیهاندا بڵاوکردووەتەوە، کە لەسەر چەند بنەمایەک 10 بەهێزترین یاری دێربی دەستنیشانکردووەو مایەی سەرسوڕمانە کە ناوی دێربی میلان لە ریزبەندەکەدا نابینرێت. لە کاتێکدا دێربی قاهیرەی میسر لە پلەی چوارەم دێت.

ئەم ریزبەندە لەلایەن ئەو تۆڕەوە لەسەر بنەمای بەهێزی هەردوو تیپ و پەرۆشی جەماوەر و رقی نێوانیان و چەندین شتی دیکە دانراوە، ئەنجامەکانیش بەمشێوەیەن:

1ـ دێربی مەدرید: لەنێوان ریال مەدرید ـ مەدرید (ئیسپانیا).
2ـ دێربی بۆینس ئایرس: لەنێوان بۆکا جۆنیۆرز ـ ریڤەر پلێت (ئەرجەنتین).
3ـ دێربی مانچستەر: لەنێوان مانچستەر یونایتد ـ مانچستەر سیتی (ئینگلتەرا).
4ـ دێربی قاهیرە: لەنێوان ئەهلی ـ زەمالیک (میسر).
5ـ دێربی ئەسینا: لەنێوان ئۆلۆمپیاکۆس ـ پاناسینایکۆس (یۆنان).
6ـ دێربی ریۆ دی جانیرۆ: لەنێوان فلامینگۆ ـ فلۆمینێزی (بەرازیل).
7ـ دێربی ئیستەنبۆل: لەنێوان فەناربەخچە ـ گەڵاتەسەرای (تورکیا).
8ـ دێربی لیڤەرپوول: لەنێوان لیڤەرپوول ـ ئێڤەرتۆن (ئینگلتەرا).
9ـ دێربی لیشبۆنە: لەنێوان سپۆرتینگ لیشبۆنە ـ بەنفیکا (پورتوگال).
10ـ دێربی لەندەن: لەنێوان ئارسناڵ ـ تۆتنهام (ئینگلتەرا).

## لە بایرن میونشن..

# کورسی یەدەگ هەڕەشە لە ئەستێرەکان دەکات



**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

لەو کاتەی پیپ گواردیۆلای ڕاهێنەری بایرن میونشن بەهۆی گەڕانەوەی بەرە بەرەی یاریزانە پێکراوەکانی، کەمێک ئاسوودە بووە، لە هەمان کاتدا ڕووبەڕووی کێشەیەکی گەورە دەبێتەوە، کە پەیوەستە بە پێکهاتەی سەرەکی یاریزانەکانی، چونکە بایرن کۆمەڵێک ئەستێرەی درەوشاوەی هەیە لە هەموو شوێنەکاندا، بەمەش چەندین ئەستێرە هەڕەشەی دانیشتن لەسەر کورسی یەدەگەکانیان لەسەر دەبێت.

ئەو ڕکابەرییە توندەی لەنێو یاریزانەکانیدا هەیە، گواردیۆلای تووشی تەنگژەیەکی گەورە کردووەو نازانێت چۆن هەموویان ڕازی بکات، کە زۆربەیان ڕازی نین یەدەگ بن.

### 4 یاریزان و 2 شوێن

قسەکردن لەسەر ڕکابەری لەسەر شوێنی یاریکردن لە بایرن، چەقی یاریگەیە کە چەندین ئەستێرەی ناسراوی وەکو لام، ئەلکانتارا، چاپی ئەلۆنسۆ و ڤیدال لەو شوێنە یاری دەکەن و گواردیۆلاش تەنیا پێویستی بە دووان هەیە، ناچاردەبێت باشترینیان هەڵبژێرێت و دەستبەرداری دووانیان بێت، ئەوەی شتەکەی لەسەر پیپ زیاتر ئاڵۆز کردووە نزیکی ئاستی ئەو چوار یاریزانەیە، کە ناچاری کردووە لە یارییەکانی ئەم دواییە بە نۆرە یارییان پێبکات، بەڵام ڕۆیشتن بەرەو قۆناخی یارییە ئەستەمەکان، پیپ ناچاردەکات لەسەر یەک پێکهاتەی سەرەکی جێگیر بوەستێت.

### گەڕانەوەی ڕۆبنیش کێشەیە

لەلایەکی دیکەوە ڕکابەریکردن لەسەر شوێنی باڵەکان و ناوەڕاستی هێرشبەر لە چەق کەمتر نییە. گەڕانەوەی ئارییێن ڕۆبن لە پێکانەکەی و گەڕانەوەی بۆ سەر ئاستی جارانی، ناسنامەی ئەو یاریزانانەی خۆیان لەسەر کورسی یەدەگەکان دەبیننەوە زیاتر لێڵ دەکات، لەبەرئەوەی گواردیۆلا زیاتر حەزدەکات بە چوار یاریزان لە ناوەڕاست یاری بکات و مۆلەر و لیڤاندۆڤسکیش وەک هێرشبەر، ئەوەش وا دەکات ڕۆبن، گۆتزە، ریبێری، کومان و کۆستا ڕکابەری تەنیا لەسەر دوو شوێن بکەن، لەبەرئەوەی ڕۆبن کێشەیەکی قورسی لە مێشکی پیپ هەیە، پێدەچێت یاریزانی لاو کینگنسلی کومان باجەکەی بدات.

### ڕیبێری دەبێتە قوربانی کۆستا

ناتوانین قسە لەسەر زۆری یایزانەکانی بایرن بکەین و ئاماژەش بە بوونی ئەستێرەی فەرەنسی، فرانک ریبێری لە ریزەکانی نەکەین، ریبێری لە گەڕانەوە بۆ نێو کەش و هەوای ڕکابەرییەکان نزیک بووەتەوە، کە پێشبینی دەکرێت پێش کۆتایی 2015 بە تەواوی لە پێکانەکەی چاک بێتەوە، وەلێ ئەو پرسیارەی بەتوندی خۆی دەسەپێنێت ئەویە ئایا ریبێری دەتوانێت شوێنێک لە پێکهاتەی سەرەکی بگرێت، نەخاسمە کە شوێنگرەوەکەی، دۆگلاس کۆستای بەرازیلی زانیویەتی چۆن دەرفەتی خۆی بقۆزێتەوە و شوێنی خۆی لە پێکهاتەی سەرەکی قایم بکات، ئەوەش وا دەکات ریبێری بە ڕێژەیەکی زۆر ببێتە قوربانی کۆستا، کە ئەمساڵ پەیوەندی بە یانەکەی باڤاریاوە کردووەو لە زۆربەی یارییەکان بەشداری کردووە.

## هۆکارێکی کاریگەری بارودۆخی خراپی چێڵسییە..

# فابریگاس خراپترین وەرزی پێشکەش دەکات



**ڕووداوی وەرزشی ـ SPORT**

ئامارەکانی پلەیمەیکەری ئیسپانی، سیسک فابریگاس، ئەو راستییە دەردەخەن کە ئەو یاریزانە ئەمساڵ خراپترین وەرزی خۆی پێشکەش دەکات، کە تاوەکو ئێستا لە ریزبەندی باشترین پلەیمەیکەرەکانی پریمەرلیگدا پلەی نۆیەمی گرتووەو لە رووی وردی پاسەکانیشەوە پلەی 47ی گرتووە.

سیسک، لە یەکەم وەرزی لەگەڵ یانەی چێڵسی لەندەنی، ئاستێکی زۆر باشی پێشکەش کرد و ڕۆڵی لە بەدەستهێنانی خولی ئینگلیزی هەبوو، بەمەش دەنگەکان بەرزبوونەوە کە ڕەخەیان لە بارسێلۆنا دەگرت بەوەی چۆن دەستبەرداری بوونە. بەڵام سیسک لە وەرزی دووەمیدا ئاستی وەک پێویست نەبوو و پاسە یەکلاییکەرەوەکانی ونبوون، بەمەش دابەزینی ئاستی لە ناوچەی سزا بووە فاکتەری کاریگەر لە تێکچوونی ئاستی چێڵسی و وای لە ڕاهێنەری پورتوگالی، خۆزێ مۆرینیۆ کرد لە خراپترین ماوەی کاروانی وەرزشیدا بژیت.

ئامارەکانی فابریگاس، کە بە 30 ملیۆن پاوەند لە یانەی بارساوە چووەتە چێڵسی، گوزارشت لە ئاستی خراپی ئەو لەو وەرزەدا دەکەن، دوای ئەوەی لە وەرزی رابردوودا باشترین پلەیمەیکەر بوو، ئێستا لە پلەی نۆیەم لە لیستی باشترین پلەیمەیکەرەکانی پریمەرلیگ دێت و لە ساڵی 2015 تەنیا 6 گۆڵی دروستکردووە. فابریگاس تاوەکو ئێستا تەنیا 53 دەرفەتی دروستکردووە و بە جیاوازیەکی زۆر لە دواوەی مەسعود ئۆزێلی یاریزانی ئەڵمانی یانەی ئارسناڵ دێت بە 98 دەرفەت، ئیدین هازاردی یاریزانی بەلجیکی یانەی چێڵسی بە 83 دەرفەت، داڤید سیلڤای یاریزانی ئیسپانی یانەی مانچستەر سیتی بە 79 دەرفەت و سانتی کازۆرلای یاریزانی ئیسپانی یانەی ئارسناڵ بە 70 دەرفەت.

لە بارەی ئاستی وردی پاسەکانیشی ڕێژەکەی 82%یە، بەمەش فابریگاس لەو رووەوە لە پلەی 47 خولی نایابی ئینگلیزی دێت.

چێڵسی، ئێستا لە پلەی 15ی ریزبەندی پریمەرلیگ گیرساوەتەوە، لەوتەی ساڵی 1996 تاوەکو ئێستا هەر تیپێک لە ڕەوشی ئێستای چێڵسیدا بووبێت دوای 10 گەڕ، نەیتوانیووە لە پلەی شەشەم زیاتر هەڵکشێت.



لە ڕاستیدا ژیانی منداڵیم زۆر زەحمەت بوو، لە خێزانێکی هەژار بووم، بەڵام هەر ئەوەش هاندەرم بوو ببمە یاریزانێکی بەتوانا و بەناوبانگ

زینەدین زیدان
(ئەفسانەی تۆپی پێی فەرەنسا)



مێسی بەشداری لە یاری کلاسیکۆ ناکات ئەگەر 200% ئامادەنەبێت، چونکە تەندروستی ئەو لە هەموو شتێک گرنگترە

لویس ئەنریکی
(ڕاهێنەری یانەی بارسێلۆنا)




مەمفێس دیپای دەتوانێت لەگەڵ مانچستەر یونایتد ببێتە ئەستێرەیەکی بەناوبانگ، ئەو دەتوانێت بگاتە ئاستی کریستیانۆرۆناڵدۆ

واین ڕۆنی
(هێرشبەری یانەی مانچستەر یونایتد)



خۆزێ مۆرینیۆ لای هەموو کەس پیاوێکی باش و خۆشەویستە، تەنیا لای ڕۆژنامەنووس و ناوبژیوانان نەبێت

یۆرگن کلۆپ
(ڕاهێنەری یانەی لیڤەرپوول)



لەوانەیە یاریزانێک پەیدابێت ئاستی نزیک بێت لە مێسی، بەڵام مەحاڵە یاریزانێک لەدایک ببێت ئاستی بگاتە ئاستی مێسی

کلاودیۆ براڤۆ
(گۆڵپارێزی یانەی بارسێلۆنا)



گرەو لەسەر ئەوە دەکەم ئەگەر ئەلیکسێس سانچێز تووشی هیچ پێکانێک نەبێت، ئەمساڵ ئارسناڵ دەبێتە پاڵەوانی پریمەرلیگ

تێری هێنری
(ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی فەرەنسا)



**تووڕەیە**

بەرنامەی شـیرینگیتۆی تەلەڤزیۆنی ئیسـپانی ئاشکرایکرد کە خافێر ماسـکیرانۆی یاریزانی ئەرجەنتینی تووڕەیە لە ئیدارەی یانەی بارسێلۆنا بەهۆی ئەوەی کە پێیوایە بەرپرسانی یانەکەی وەک لیۆنێل مێسی هاوڕێی پشتیان نەگرتووە لە کاتی تووشبوونی بە کێشەی خۆدزینەوە لە باجی دەوڵەت. ئەو بەرنامەیە لەو بارەوە گوتی "ماسکیرانۆ لە ئیدارەی یانەی بارسا تووڕەیە، چونکە بەهۆی هەڵەیەک کە بەڕێوەبەری کارەکانی کردبووی ئەوەندە نەمابوو بچێتە زیندانەوە، کەچی ئەو پێیوایە ئەوەی بۆ مێسییان کرد بۆ ئەویان نەکردووە".

سەیر و سەمەرە!!

# کاڤانی شەرمنە و کوشتنی ناوبژیوانانیش دەبێتە مۆدێل

**ئا: ڕەمزی میرەکانی**

لە جیهانی وەرزش بە گشـتی و تۆپی پێ بەتایبەتی، زۆر بەسـەرهات ڕوودەدەن کە بڕوا پێکردنیان زەحمەتە، بەڵام لە ڕاستیدا ڕوودەدەن:



## کاڤانی شەرمنە

هەندێک راپۆرتی ڕۆژنامەوانی لە فەرەنسا، کێشەی ئەدینسـۆن کاڤانیان لەگەڵ یانەی پاریـس سـانجێرمان ئاشـکراکردووەو بـۆ هۆکارێکی زۆر سـەیر دەیگێڕنەوە، کە بڕوا پێکردنـی زەحمەتـە. چونکە زۆر سـەیرە یاریزانێکی لە ئاسـتی کاڤانیدا هێشتا شەرم لە هاوڕێکانی بکات.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتانە تاوەکو ئێسـتا ئەستێرەی ئۆرۆگوایی بەهۆی شـەرمنی نەیتوانیوە وەک پێویست دەرکەوێـت، کە بە سـیفەتێکی بەردەوامـی کاڤانی دادەنرێت لەوەتەی چووەتە فەرەنسا و پەیوەندی بە یانەی پاریسییەوە کردووە، چونکە کاڤانی زۆر گۆشەگیرە و زۆرجار لە ژووری جلگۆڕین بەتەنیا دادەنیشێت، هەروەها بەزۆری لەگەڵ یاریزانە لاوەکان و فەرەنسییەکان دەبێت، بەپێچەوانەی ئەستێرەکانی دیکەی وەک زلاتان ئیبراهیمۆڤیچی سـوێدی، ماکسوێل و تیاگۆ مۆتای بەرازیلی و مارکۆ ڤیراتی ئیتاڵی، کە هەمیشە وەک گرووپ پێکەوە کۆدەبنەوە.



## لە ئۆکرانیا هاندەرە ڕەشپێستەکان جیادەکرێنەوە

یەکێتـی تۆپی پێـی ئۆکرانیـا خەریکی دەرکردنی بڕیارێکی سەیرە، ئەویش دابینکردنی پەیژەی تایبەتە بە هاندەرە ڕەشپێستەکان، بۆ ئەوەی کێشەی ڕەگەزپەرستی دروست نەبێت.

هەرچەنـدە ئامانجـی سـەرەکی لـەو بیرۆکەیـە، وەک ئۆور ئۆشـتینۆڤی جێگری سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی ئۆکرانیا باسی دەکات، پاراستن و دوورخستنەوەی هاندەرە ڕەشپێستەکانە لە دروشم و هوتافی ڕەگەزپەرستی، کە دوایین جار لە 20ی مانگی رابردوو لە یاری نێوان دینامۆکییڤ و چێڵسی ئینگلیزی لە چامپیۆنسلیگدا ڕوویدا، کەچی چاودێران پێشبینی ڕووداوی گەورەتردەکەن و داوادەکەن یەکێتی تۆپی پێی ئۆکرانیا چاوپێشخشاندنێک بە بڕیارەکەیدا بکاتەوەو دەڵێن "ئەگەر ئەو بیرۆکەیە بە فەرمی جێبەجێ بکرێت، کێشەی ڕەگەزپەرستی لەناو یاریگەکانی ئەو وڵاتەدا قوڵتر دەبنەوە".

ئەمەو ئەلتەراسـی (ڕۆدیسـی) تایبەت بە دینامۆکییڤ بە ڕەگەزپەرستترین هاندەر لە ئەوروپا پۆلین دەکرێت.



## ئیدی کوشتنی ناوبژیوان مۆدێلە

یەکێتی تۆپی پێـی هۆڵەندا 4 یاریزانی خـوار تەمەن 20 سـاڵی بۆ هەتـا هەتایە لە یاریکـردن ڕاگـرت، چونکـە هۆکاری کوشـتنی ناوبژیوانێک بوون لـە یارییەکی خولی تەمەنەکان لە ئەمستردامی پاتەختدا.

ڕووداوەکە بۆ ڕێکەوتی 2012/12/4 دەگەڕێتەوە، کە 5 یاریزان دەستدرێژییان کردە سەر ناوبژیوانێک و بە توندی سەریان زامدار کرد، دواتر گواسترایەوە نەخۆشخانە، چەند ڕۆژێک مایەوە و پاشان بەو هۆیەوە کۆچی دواییکرد. دادگای هۆڵەندا ساڵی 2013 سزای بەندکردنی بۆ ماوەی دوو ساڵی بەسەر هەر پێنج یاریزان سەپاند، بە تۆمەتی زامدارکردن و ئەزیەت گەیاندن بێ مەبەستی کوشتنی بەئەنقەست، پاشان یەکێتی تۆپی پێی هۆڵەندا ناوی چوار یاریزانی بۆ هەتا هەتا سڕییەوە وەک سزایەکی تەمبێکردنی توند.

چاودێران دەڵێن ئەو ڕووداوە پێشهاتێکی مەترسیدارەو پێویستە سزایەکە توندتربێت، نەوەک ببێتە دیاردەو ناوبژیوانانی دیکەش ڕووبەڕووی مەترسی یاریزانەکان ببنەوە.



# گەورەترین قەیرانی مۆرینیۆ تەواوبوونی پاساوەکانیەتی

**ڕووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

تۆڕی پلەیچەر ریپۆرت، لە ڕاپۆرتێکدا باس لەوە دەکات کە تاوەکو ئێستا خۆزێ مۆرینیۆ خـۆی بە هێنانی پاسـاو، کە هەندێکیان زۆر نـاڕەواش بوونـە، لە پۆسـتەکەیدا هێشـتووەتەوەو دەشڵێت "گەورەترین قەیرانـی مۆرینیـۆ تەواوبوونـی پاساوەکانیەتی".

تاکە یـەک پاسـاویش نەماوە خـۆزێ مۆرینیـۆی ڕاهێنـەری چێڵسـی بەرپرسـیاریەتییەکەی بخاتـە ئەسـتۆ. ئەو کێشـەیە هەڕەشەی دەرکردن لە ڕاهێنەرە تایبەتەکـە دەکات. مۆرینیـۆ لەگـەڵ تیپەکەی لـە پلەی 15 خشـتەی خولـی ئینگلیـزی دێـت و لـە 11 یـاری تەنیـا 11 خاڵـی کۆکردووەتـەوە، 6 یاری دۆڕاندووە و لە 2 یاریش یەکسان بووە.

بـە گوێـرەی ڕاپۆرتێکـی تـۆڕی پلەیچـەر ریپـۆرت، قەیرانـی مۆرینیـۆ ئەوەیـە هەمـوو پاسـاوەکانی دۆڕانی بەکارهێناوە، کـە هەندێکیان خەیاڵین و هیچ پاساوێکیشی نەماوە. هەروەها لەو ڕاپۆرتەدا ئامـاژە بۆ ئەو پاسـاوانە کراوە کە مۆرینیۆ لەدوای هەر دۆڕانێک پەنای بۆ بردووە.

- لـە گـەڕی یەکـەم، مۆرینیۆ ئۆباڵەکەی خستەئەسـتۆی پزیشـکی یانەکـە، ئیڤـا دوای یەکسـانبوونی لەگـەڵ سوانزی سیتی.
- لە گەڕی دووەم، کە بەرامبەر مانچسـتەر سیتی دۆڕا، جۆن تێری بەوە تۆمەتبارکرد کە زۆر خاوە، بۆیە لەنێوان هەردوو گێمەکە گۆڕیویەتی.
- لەگـەڕی چوارەم، مۆرینیۆ هێرشـی کردە سـەر تیپی کریسـتال پالاس و بەوە تۆمەتباری کرد کە زیاد لە پێویست بەرگری کردووە.
- لـە گەڕی شەشـەم، دوای یەکسـانبوون لەگەڵ نیۆکاسـل، مۆرینیۆ هێرشـی کردە سەر زۆربەی یاریزانەکانی و گوتی "ئاستیان سفر بوو لە گێمی یەکەم، ئەوەش بووە هۆی لەدەستدانی دوو خاڵ". پاشـان هێرشـی کردە سـەر ئیدین هازارد و گوتی بەشێوەیەکی باش بەرگری ناکات، بۆیە لەسـەر کورسی یەدەگەکان داینیشاندووە. پاشـان ئامـاژەی بـەوە ئەوەکرد کـە کارگێڕی چێڵسی لە ماوەی گواستنەوەی هاوینەدا یاریزانی باشی نەهێناوە، بەمەش تیپەکە لە ڕکابەرەکانی دیکەی وەک مانچستەر سیتی کەمتر پشتیوانی لێکراوە.
- لـە گـەڕی هەشـتەم، مۆرینیۆ هێرشـی کـردە سـەر ناوبژیـوان دوای دۆڕان بەرامبـەر ساوسهامپتۆن.
- لـە گـەڕی نۆیەم هەرچەندە چێڵسـی بە ئەنجامی 2 ـ 0 لە ئەستۆن ڤێلای بردەوە، بەڵام مۆینیۆ هێرشی کردە سەر ڕاگەیاندنەکان و بەوە تۆمەتباری کردن، کە هێرشکردنە سەر تیپەکەی بەشـێوەیەکی بـەردەوام وا دەکات یاریزانـەکان متمانەیان بەخۆیان نەمێنێت.
- لـە گـەڕی دەیـەم، مۆرینیـۆ لێدوانـی بـۆ ڕاگەیاندنـەکان نـەدا و ئامـادەی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیش نەبوو.

بە قسـەی ئـەو ڕاپۆرتە بێت، ئیدی مۆرینیۆ هیچ پاسـاوێکی نەماوە، بۆ ئـەوەی لەدوای هەر دۆڕانێکی دیکەدا بۆخۆی بیکاتە بیانوو.

# بەرازیل بەهرەمەندی نەماوە

## دۆنگا: دۆگلاس کۆستام هێنا ڕەخنەیان لێگرتم، بەڵام کە گواریۆلا بردییە تیپەکەی گوتیان باشترین یاریزانە

**ڕووداوی وەرزشی ـ SAMBA**

کارلۆس دۆنگا، ڕاهێنەری هەڵبژاردەی بەرازیل دووپاتیکردەوە بەرازیل بەدەسـت نەمانی نـەوەی ئەو یاریزانانە دەناڵێنێت، کە تەمەنیان لەنێوان 23 و 28 ساڵی دایە، ئـەو نەوەیەی ڕاهاتبـوو ببێتە کۆڵەگەی سەرەکی و دیارترین یاریزانی تیپەکەی.

دۆنگا، لـە گوتەکانیدا، کـە ماڵپەڕی YOL بڵاویکردوونەتـەوە، گوتی "بەرازیل لـەوە ڕاهاتبـوو بـەردەوام 3 تاکـو 4 ئەسـتێرەی هەبێـت. ئـەو تـەواو بوو.. شـوێنی نـەوەی نێوان 23 و 28 سـاڵی چـۆل بـووە". هەروەها گوتـی "یاریزانی لـەو تەمەنە لە بەرازیـل زۆر نایاب بوون، بەڵام لە ئەوروپا سەرکەوتوو نەبوون لەبەر چەند هۆکارێـک، گرنگترینیان ماوەیەکی زۆر لە سەر کورسی یەدەگەکان دەمانەوە. یاریزانی سـەرەڕمان نییە کە ڕاهاتبوون دیارترین یاریزانی تیپەکە بن".

لەدوای پاڵەوانیەتـی کۆپا ئەمریکاوە ڕەخنـەی زۆر لـە دۆنـگا دەگیرێـت، کە بەرازیـل لە قۆناخی هەشـتەم ماڵئاوایی کـرد، ئـەوە یەکـەم پاڵەوانیەتی فەرمی دۆنـگا بـوو دوای بوونـی بـە ڕاهێنەری سامبا لە مانگی ئابی ساڵی ڕابردوو، دوای ئەوەی لە مۆندیالیش شکستی هێنا. لەو چوارچێوەیەدا دۆنگا نا ئاسوودەیی خۆی لەو ڕەخنانە دەربڕی و گوتی "چی بکەم؟ ململانێکـردن لەگەڵ شـتێک کە ناکرێت بیگـۆڕی هیچ سـوودێکی نییە، دۆگلاس کۆسـتام هێنا ڕەخنەیان لێگرتم، پاشان پیپ گواردیۆلای ڕاهێنەری بایرن میونشن ئەو یاریزانەی کڕی، ئێستا دەڵێن دۆگلاس کۆسـتا یاریزانێکـی زۆر باشـە، مانـای وایـە ئەوکاتەی مـن هێنامـە هەڵبژاردە یاریزانێکـی خـراپ بـوو؟ پاشـان بووە ئەسـتێرە کاتێک گواردیۆلا داوای کڕینی کرد؟!". دۆنگا لـە درێژەی لێدوانەکانیدا گوتـی "لـە ئۆلۆمپیادی پەکینـی 2008 تەنیـا 10 ڕۆژ مـاوەم بـۆ ئامادەکردنی تیپەکە هەبوو، کە دوو ڕۆژ بۆ سەفەرکردن بوو، لەگەڵ ئەوەشـدا توانیمان ملوانکەی برۆنزی بەدەسـتبێنین، ئـەوکات گوتیان ئەنجامێکی باش نەبوو".

ڕاهێنەری سامبا، پێیوایە بەشداریکردن لە ئۆلۆمپیادی ڕیۆ دی جانیرۆ دەرفەتێکە بۆ لەبیرکردنی شکستی مۆندیالی 2014، کـە بەرازیـل بەرامبەر ئەڵمانیا تووشـی دۆڕانێکی مێژوویی بوو بە ئەنجامی 1 ـ 7 گۆڵ.







بالانسەکەت کۆتایی هاتووە و دەتەوێ پەیوەندی ئەنجام بدەی؟ لەگەڵ خزمەتگوزاری "گفتوگۆکەت تەواو بکە" لە کورەك، دەتوانی سوود لە بالانسی زیادکراو وەرگریت.

- بۆ کاراکردنی خزمەتگوزاری "گفتوگۆکەت تەواو بکە" پەیوەندی بکە بە #202*
- بڕی بالانسی زیادکراو 600 د.ع.
- هەرکاتی بالانسەکەت بۆ جاریکیتر پڕبکەیتەوە ئەوا بڕی بالانسی زیادکراو لە بالانسەکەت کەم دەکرێتەوە.
- بالانسی زیادکراو بۆماوەی 3 ڕۆژ بەردەست دەبێت
- نرخی خزمەتگوزارییەکە 120 د.ع.
- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەست دەبێت بۆ سەرجەم بەشداربووانی پریپەید لەنێو تۆری کورەك
  - دەبێ بالانسەکەت لە 60 د.ع کەمتر بێت.
  - دەبێ پێشتر هێلەکەت بەلایەنی کەم 3 جار پڕکردبێتەوە.
  - نابێت بەشداربوو هیچ قەرزێکی دیکە لە ئەستۆ مابێت.

بوێربە خەون ببینە

korektel.com 411

# خشتەی یارییەکانی هەفتە

## گرنگترین یارییەکانی هەفتە

**چامپیۆنسلیگ**
ڕیال مەدرید - پاریس سانجێرمان
سێشەممە 3/11/2015
10:45

**چامپیۆنسلیگ**
بایرن میونشن - ئارسناڵ
چوارشەممە 4/11/2015
10:45

**خولی عێراق**
زەورا - دهۆک
پێنجشەممە 5/11/2015
02:30

**یۆرۆپالیگ**
ئەجاکس - فەنەربەخچە
پێنجشەممە 5/11/2015
09:00

## خولی ئیسپانیا (هەفتەی 11)

**هەینی 2015/11/6**

| | |
|---|---|
| لاس پالماس - ریال سۆسیداد | 10:30 |

**شەممە 2015/11/7**

| | |
|---|---|
| سێلتاڤیگۆ - ڤالێنسیا | 06:00 |
| لیڤانتی - دیپۆرتیڤۆ | 08:15 |
| رایۆ ڤالیکانۆ - گرانادا | 10:30 |
| ئیبار - گیتافی | 10:30 |
| مەلەگە - ریال بیتیس | 12:05 |

**یەکشەممە 2015/11/8**

| | |
|---|---|
| ئەتلەتیک بلباو - ئیسپانیۆل | 02:00 |
| بارسێلۆنا - ڤیاریال | 06:00 |
| ئەتلەتیکۆ مەدرید - خیخۆن | 08:15 |
| سڤیلیا - ریال مەدرید | 10:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - ریال مەدرید | 24 |
| 2 - بارسێلۆنا | 24 |
| 3 - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 21 |
| 4 - سێلتاڤیگۆ | 20 |
| 5 - ڤیاریال | 20 |
| 6 - ئیبار | 16 |
| 7 - ڤالێنسیا | 15 |
| 8 - ئەتلەتیک بلباو | 14 |
| 9 - دیپۆرتیڤۆ | 14 |
| 10 - ئیسپانیۆل | 13 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - نیمار | بارسێلۆنا | 9 |
| 2 - رۆناڵدۆ | ریال مەدرید | 8 |
| 3 - ئیمانۆل | ریال سۆسیداد | 8 |
| 4 - سوارێز | بارسێلۆنا | 8 |
| 5 - نۆلیتۆ | سێلتاڤیگۆ | 7 |

## خولی ئینگلتەرا (هەفتەی 12)

**شەممە 2015/11/7**

| | |
|---|---|
| بۆرنیمۆس - نیۆکاسڵ | 03:45 |
| لیستەر سیتی - واتفۆرد | 06:00 |
| مانچستەر یونایتد - وێست برۆمیچ | 06:00 |
| نۆرویچ سیتی - سوانزی سیتی | 06:00 |
| سەندەرلاند - ساوسهامتۆن | 06:00 |
| وێستهام - ئێڤەرتۆن | 06:00 |
| ستۆک سیتی - چێلسی | 08:30 |

**یەکشەممە 2015/11/8**

| | |
|---|---|
| ئەستۆن ڤێلا - مانچستەر سیتی | 04:30 |
| ئارسناڵ - تۆتنهام | 07:00 |
| لیڤەرپوول - کریستال پالاس | 07:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - مانچستەر سیتی | 25 |
| 2 - ئارسناڵ | 25 |
| 3 - لیستەر سیتی | 22 |
| 4 - مانچستەر یونایتد | 21 |
| 5 - وێستهام | 20 |
| 6 - تۆتنهام | 17 |
| 7 - ساوسهامتۆن | 17 |
| 8 - لیڤەرپوول | 17 |
| 9 - ئێڤەرتۆن | 16 |
| 10 - کریستال پالاس | 16 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - ڤاردی | لیستەرسیتی | 11 |
| 2 - ریاز | لیستەرسیتی | 7 |
| 3 - ئیگالۆ | واتفۆرد | 7 |
| 4 - ئەگوێرۆ | مانچستەرسیتی | 6 |
| 5 - سانچێز | ئارسناڵ | 6 |

* ئەم ریزبەندە بەر لە یاری (تۆتنهام - ئەستۆن ڤێلا) دانراوە.

## خولی ئیتاڵیا (هەفتەی 12)

**شەممە 2015/11/7**

| | |
|---|---|
| ڤیرۆنا - بۆلۆنیا | 08:00 |
| میلان - ئاتالانتا | 10:45 |

**یەکشەممە 2015/11/8**

| | |
|---|---|
| تۆرینۆ - ئینتەرمیلان | 02:30 |
| ئیمپۆلی - یوڤانتۆس | 05:00 |
| ساسۆلۆ - کارپی | 05:00 |
| فرۆزینۆنی - جێنەوا | 05:00 |
| پالێرمۆ - کیێڤۆ | 05:00 |
| رۆما - لازیۆ | 05:00 |
| ناپۆلی - ئۆدینێزی | 08:00 |
| سامپدۆریا - فیۆرەنتینا | 10:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - فیۆرەنتینا | 24 |
| 2 - ئینتەرمیلان | 24 |
| 3 - رۆما | 23 |
| 4 - ناپۆلی | 22 |
| 5 - ساسۆلۆ | 19 |
| 6 - میلان | 19 |
| 7 - لازیۆ | 18 |
| 8 - ئاتالانتا | 17 |
| 9 - سامپادۆریا | 15 |
| 10 - یوڤانتۆس | 15 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - هیگواین | ناپۆلی | 8 |
| 2 - مارتینز | سامپادۆریا | 8 |
| 3 - ئینسینی | ناپۆلی | 6 |
| 4 - کالینیچ | فیۆرەنتینا | 6 |
| 5 - بالۆسکی | کیێڤۆ | 5 |

* ئەم یارییە بەر لە یاری (کیێڤۆ - سامپادۆریا) دانراوە.

## خولی ئەڵمانیا (هەفتەی 12)

**هەینی 2015/11/6**

| | |
|---|---|
| هانۆڤەر - هێرتا بەرلین | 10:30 |

**شەممە 2015/11/7**

| | |
|---|---|
| ماینز - فۆلفسبۆرگ | 05:30 |
| بایرلیڤەرکۆزن - کۆڵن | 05:30 |
| مونشنگلادباخ - ئینگۆلشتات | 05:30 |
| بایرن میونشن - شتۆتگارت | 05:30 |
| هۆفنهایم - فرانکفۆرت | 05:30 |
| دارمشتات - هامبۆرگ | 08:30 |

**یەکشەممە 2015/11/8**

| | |
|---|---|
| بورۆسیا دۆرتمۆند - شاڵکە | 05:30 |
| ئوگسبۆرگ - ڤێردەربریمەن | 07:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - بایرن میونشن | 31 |
| 2 - بورۆسیا دۆرتمۆند | 26 |
| 3 - فۆلفسبۆرگ | 21 |
| 4 - شاڵکە | 20 |
| 5 - مونشنگلادباخ | 18 |
| 6 - هێرتا بەرلین | 17 |
| 7 - بایرلیڤەرکۆزن | 17 |
| 8 - ئینگۆلشتات | 15 |
| 9 - کۆڵن | 15 |
| 10 - هامبۆرگ | 14 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - لیڤاندۆڤسکی | بایرن میونشن | 13 |
| 2 - ئۆبامیانگ | بورۆسیا دۆرتمۆند | 13 |
| 3 - مۆلەر | بایرن میونشن | 10 |
| 4 - مارکۆ ریۆس | بورۆسیا دۆرتمۆند | 7 |
| 5 - مۆدیست | کۆڵن | 6 |

## خولی فەرەنسا (هەفتەی 13)

**هەینی 2015/11/6**

| | |
|---|---|
| ئەنجی - رین | 10:30 |

**شەممە 2015/11/7**

| | |
|---|---|
| پاریس سانجێرمان - تۆلۆز | 07:00 |
| کان - گانگۆن | 10:00 |
| لیل - باستیا | 10:00 |
| لۆریان - تروا | 10:00 |
| مۆنپێلیە - نانت | 10:00 |
| ریمس - ئەجاکسیۆ | 10:00 |

**یەکشەممە 2015/11/8**

| | |
|---|---|
| مارسیلیا - نیس | 07:00 |
| بۆردۆ - مۆناکۆ | 11:00 |
| لیۆن - سانت ئیتیان | 10:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - پاریس سانجێرمان | 32 |
| 2 - لیۆن | 22 |
| 3 - ئەنجی | 22 |
| 4 - سانت ئیتیان | 22 |
| 5 - کان | 21 |
| 6 - مۆناکۆ | 20 |
| 7 - نیس رین | 18 |
| 8 - لۆریان | 17 |
| 9 - رین | 17 |
| 10 - نانت | 16 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - پاتشوای | مارسیلیا | 8 |
| 2 - ئیبراهیمۆڤیچ | پاریس سانجێرمان | 7 |
| 3 - کاڤانی | پاریس سانجێرمان | 7 |
| 4 - بن عەرەفە | نیس | 7 |
| 5 - بنیامین | لۆریان | 7 |

## چامپیۆنسلیگ (گەڕی 4)

**سێشەممە 2015/11/3**

| | |
|---|---|
| ئەستانا - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 06:00 |
| بەنفیکا - گەڵاتەسەرای | 10:45 |
| مونشنگلادباخ - یوڤانتۆس | 10:45 |
| مانچستەر یونایتد - سیسکا مۆسکۆ | 10:45 |
| ئایندهۆڤن - فۆلفسبۆرگ | 10:45 |
| ریال مەدرید - پاریس سانجێرمان | 10:45 |
| سڤیلیا - مانچستەر سیتی | 10:45 |
| شاختار - مالمۆ | 10:45 |

**چوارشەممە 2015/11/4**

| | |
|---|---|
| بارسێلۆنا - باتی بۆریسۆڤ | 10:45 |
| چێلسی - دینامۆکیێڤ | 10:45 |
| بایرن میونشن - ئارسناڵ | 10:45 |
| جێنت - ڤالێنسیا | 10:45 |
| لیۆن - زێنیت | 10:45 |
| مەکابی تەلئەبیب - پۆرتۆ | 10:45 |
| ئۆلۆمپیاکۆس - دینامۆ زاگریب | 10:45 |
| رۆما - بایرلیڤەرکۆزن | 10:45 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - کریستیانۆ رۆناڵدۆ | ریال مەدرید | 5 |
| 2 - رۆبەرت لیڤاندۆڤسکی | بایرن میونشن | 3 |
| 3 - ئەنتۆنی گریزمان | ئەتلەتیکۆ مەدرید | 2 |
| 4 - لویس سوارێز | بارسێلۆنا | 2 |
| 5 - ئەلڤارۆ مۆراتا | یوڤانتۆس | 2 |

## یۆرۆپالیگ (گەڕی 4)

**پێنجشەممە 2015/11/5**

| | |
|---|---|
| بێشکتاش - لۆکۆمۆتیڤ مۆسکۆ | 07:00 |
| کاراباکا - مۆناکۆ | 07:00 |
| ئەجاکس - فەنەربەخچە | 09:00 |
| گرۆنینگن - سلۆڤان لیبیرتش | 09:00 |
| بورۆسیا دۆرتمۆند - گیلان گابالا | 09:00 |
| مارسیلیا - سپۆرتینگ براگا | 09:00 |
| کلۆپ برۆج - لیجیا وارسۆ | 09:00 |
| سێلتیک - مۆلدە | 09:00 |
| دینامۆ مینسک - ڤیاریال | 09:00 |
| ناپۆلی - میتیۆلاند | 09:00 |
| سیۆن - بۆردۆ | 09:00 |
| ڤیکتۆریا بلزن - رابید ڤیەننا | 09:00 |
| رۆبین کازان - لیڤەرپوول | 09:00 |
| کراسنودار - باوک سالۆنیکا | 09:00 |
| رۆزنبۆرگ - لازیۆ | 11:05 |
| ئۆگسبۆرگ - ئەلکەمار | 11:05 |
| سپارتا براگ - شاڵکە | 11:05 |
| بیلینینسیش - بازل | 11:05 |
| تریپۆلیس - ئەپۆیل نیقۆسیا | 11:05 |
| سانت ئیتیان - دنیێرۆ | 11:05 |
| تۆتنهام - ئەندەرلەخت | 11:05 |
| ئەتلەتیکۆ بلباو - پارتیزان بەلگراد | 11:05 |
| سکیندیربیۆ - لێشبۆنە | 11:05 |
| لیخ بۆزنان - فیۆرەنتینا | 11:05 |

## خولی عێراق (هەفتەی 8)

**پێنجشەممە 2015/11/5**

| | |
|---|---|
| زەورا - دهۆک | 02:30 |
| کەرخ - نەوتی میسان | 02:30 |
| سەماوە - تەڵەبە | 02:30 |
| نەوتی باشوور - کارەبا | 02:30 |
| نەوتی ناوەڕاست - نەوت | 02:30 |

**هەینی 2015/11/6**

| | |
|---|---|
| هەولێر - زاخۆ | 02:30 |
| کەربەلا - شورتە | 02:30 |
| مینا - سناعە | 02:30 |
| جەویە - حدود | 02:30 |
| بەغداد - نەجەف | 02:30 |

**خولی ئینگلتەرا**
ئارسناڵ - تۆتنهام
یەکشەممە 8/11/2015
07:00

**خولی ئیسپانیا**
بارسێلۆنا - ڤیاریال
یەکشەممە 8/11/2015
06:00

**خولی ئەڵمانیا**
بورۆسیا دۆرتمۆند - شاڵکە
یەکشەممە 8/11/2015
05:30

**خولی ئیتاڵیا**
ڕۆما - لازیۆ
یەکشەممە 8/11/2015
05:00

KOREK Telecom



ئاشکرابوو

دوای ئەوەی ڕامۆن کالدیرۆنی سەرۆکی کۆنی یانەی ڕیال مەدرید ڕایگەیاند کە فلۆرەنتینۆ پیریزی سەرۆکی ئێستای یانەی شاهانە دەیەوێ خۆزێ مۆرینیۆی ڕاهێنەری پورتوگالی بگەڕێنێتەوە مەدرید و مەشقی یانەکەی پێبداتەوە، گۆڤاری دۆن بالۆنی ئیسپانیش ئاشکرایکرد کە مۆرینیۆ بە تەلەفۆن پەیوەندی بە پیریزەوە کردووەو پێیگوتووە «ئەگەر ڕافا بینیتێز لەگەڵ ڕیال مەدرید بەردەوام نەبێت، من ئامادەم لە سەرەتای وەرزی داهاتووە مەشقی یانەکەت وەربگرمەوە». بەقسەی ئەو گۆڤارە پیریز هێشتا هیچ وەڵامێکی بۆ داواکارییەکەی مۆرینیۆ نییە».



ڕێبوار محەممەد

# ماراسۆن و مایەپوچبوون و نزار غەزالی

هەندێک پێیان سەیر بوو ئێمە لە تۆڕی میدیایی ڕووداو چەند کاژێرێکی پەخشی خۆمان بە ڕووماڵکردنی ماراسۆنی نێودەوڵەتی هەولێر بەخشی، منیش پێم سەیر بوو کە هەندێک کەس ئەوەیان پێسەیرە.

ماراسۆن ڕاستە لە بنەمادا چالاکییەکی وەرزشییە، بەڵام ئەو چالاکییە زیاتر لە ڕەهەندێکی هەیە و تەنیا دیوە وەرزشییەکەی نییە، چونکە ماراسۆن کارێکی مرۆیی، کۆمەڵایەتییە کە ڕەهەندی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونیی گەورەی هەیە.

ئاخر ئەوە ماراسۆنە دەتوانێ ملیۆنان دۆلار بۆ کاری خێرخوازی کۆبکاتەوە وەک ئەوەی لە جیهاندا دەکرێت، تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی گەورە و ناسین و هاوڕێیەتی گەورە دروستدەکات، دەتوانێ زۆر ڕووی وڵاتێکت پێشان بدات، لەوەش گرنگتر لە هەموو دنیادا کۆبوونەوەی 6 هەزار کەس بۆ هەر کارێک بێت، لای میدیا جێگەی سەرنجە.

هەموو ئەوانەمان لەبەرچاوگرت و ڕووماڵێکی پرۆفیشناڵانەمان بۆ ماراسۆنەکە کرد، لە ڕێگەی ڕووداوەوە یەکەمجار ئەنجامەکان ڕاگەیەنران و هەر لە ڕێگەی ڕووداویشەوە گلەیی بەشداربووەکان گەیشتە گوێی هەموو خەڵک.

ئەوە بۆ ئێمە زۆر گرنگ بوو کە هاوکارەکانم لە دێسکی وەرزش، پیاوێکی بەتەمەن و گەنجێکی باکوور و خانمێکی ڕۆژهەڵاتیان هێنایە سەر شاشە کە بەشدارییان لەو چالاکییەدا کردووە، ئەوە کۆکردنەوەی کوردستانی گەورە بوو لە بۆنەیەکی وەرزشیدا کە سەدان مانای سیاسی و کۆمەڵایەتی دەدات.

لەبەر هەموو ئەوانە ماراسۆنەکەی هەولێر بۆ ئێمە مەیدانێکی دیکەی کار بوو کە بەخۆشحاڵییەوە سەرکەوتنمان تێدا بەدەستهێنا، بوونی فرۆفیڵ و گلەیی و نارێکی لە کارەکەدا بێگومان مایەی گلەییە لە ڕێکخەرانی ماراسۆنەکە لە ئێمەوە بەر لە هەموو کەس.

دەگەڕێمەوە بۆ ناونیشانی وتارەکە و دەمەوێ قسە لەسەر پاشەکشەی یانەی سلێمانی لە خولەکانی تۆپی پێ بکەم، ئەو یانەیەی بە یانەی دایک ناسراوە لە بێپارەییدا هەموو دەرگاکانی خۆی داخست.

پاشەکشەی سلێمانی جێگەی داخە، تەنیا لەبەر ئەوەنا کە یانەیەکی بەشدار لە خولەکان دەکشێتەوە، لەبەرئەوەی سلێمانی یانە مەزنەکەی لە خولەکاندا بەشداری ناکات و ئەوەش ناکرێ وا بەئاسانی ئەزم بکرێت.

ئەو قەیرانەی سلێمانی ناچار بە پاشەکشە کرد شتێکە هەموو یانەکانی دیکەی کوردستانی گرتووەتەوە و دەمێکە بەرۆکی یانەکانی هەولێر و دهۆکیشی گرتووە، چونکە حکوومەت پارەی نییە بیداتە وەرزش، ئاخر حکوومەت پارەی نییە بۆ مووچەی فەرمانبەرەکانی، لە کوێی بوو بۆ وەرزش، ئەم قەیرانە هەلێکی باشە تا یانە وەرزشییەکان بیر لەوە بکەنەوە ببنە موڵکی سەرمایەدارەکان و سەرچاوەی داهات بۆخۆیان پەیدا بکەن، وەک ئەوەی لە هەموو جیهاندا دەکرێت، ئەوە چۆن دەکرێت بێگومان پلان و بیرکردنەوەی قوڵی دەوێت.

هەر لە سەر باسی پارە و کۆمپانیا و سپۆنسەردا، ڕێکەوتنی نزار غەزالی لەشجوان لەگەڵ کۆمپانیایەکی گەورە بۆ سپۆنسەریکردنی لە پاڵەوانیەتییەکانی داهاتوو، هەنگاوێکی مەزنە بۆ زیاتر بەرزبوونەوەی ئاستی ئەو وەرزشوانە، دەکرێ وەرزشوانە کوردەکان چیدی چاویان لەوە نەبێت کەسێک یان حزبێک پارەیان بداتێ، ئەوەی نزار چنینەوەی بەرهەمی ماندووبوون و دەرەوشانەوەی خۆیەتی لە وەرزشەکەیدا، بۆیە جێگەی پیرۆزباییە و دڵنیام نزار دەتوانێ بۆ داهاتووی خۆی زۆر سوودی لێوەبگرێت.

# نیمار دایکیشی گەندەڵ دەرچوو

**ڕووداوی وەرزشی ـ SAMBA**

پێشتر تەنیا نیمار و باوکی بەوە تۆمەتبار بوون کە گەندەڵیان لە گرێبەستی گواستنەوەی نیمار لە یانەی سانتۆسی بەرازیلییەوە بۆ بارسیلۆنای ئیسپانی کردووە، بەڵام وادیارە دایکی نیماریش تێوەگلاوەو ڕاپێچی دادگا دەکرێت.

چەند سەرچاوەیەکی دادگایی لە ئیسپانیا ئاشکرایان کردووە، دایکی نیمار چووەتە لیستی ئەو کەسانەی بە تۆمەتی، بوونی دەستکاریکردنی دارایی لە گواستنەوەی نیمار لە سانتۆسەوە بۆ بارسیلۆنا ساڵی 2013 تۆمەتبار کراون، بەمەش تۆمەتی گەندەڵیکردنی ئاراستە دەکرێت. دادگایەک لە مەدرید لێکۆڵینەوە لەگەڵ نادین گۆنسالفیش دا سیلڤا سانتۆس دایکی نیمار دەکات، کە ڕێژەی 50%ی پشکی ئەو کۆمپانیایەی هەیە کە کارەکانی کوڕەکەی بەڕێوەدەبات. ئەمەو نیمار بە دەستەوارەیەک گواستراوەوە کە سەرەتا بە 57 ملیۆن یۆرۆ لەلایەن یانەکەیەوە مەزەندە کرا، بەڵام داواکاری گشتی ئیسپانیا دەستەوارەکەی بەلایەنی کەمەوە بە 83 ملیۆن یۆرۆ مەزەندە کرد.

لێکۆڵەر پێیوایە ڕێککەوتنێک لەنێوان نیمار و بارسیلۆنا کراوە بەوەی 40 ملیۆن یۆرۆ بەو کۆمپانیایە بدرێت، کە کارەکانی ئەو یاریزانە بەڕێوەدەبات، بۆ ئەوەی ئەو یانانە لغاو بکات کە دەیانەوێ پەلکێشی بکەن، ئەو لە بەشەکەی خۆی بێبەشکراوە. دادگای ئیسپانیا دووپاتیکردەوە چەندین یانەی ئەورووپا، لەوانە مانچستەر سیتی ئینگلیزی و ڕیال مەدریدی ئیسپانی، چاویان لە کڕینی نیمار بوو و ساندرۆ ڕۆسێلی سەرۆکی بارساش ناچاربوو دەست لەکاربکێشێتەوە، دوای بڵاوبوونەوەی ئەو دەنگۆیانە.

دادگای بەرازیل مانگی ڕابردوو ڕایگەیاند بڕی 47 ملیۆن دۆلاری لە پارەکانی نیمار بلۆک کردووە، لەبەرئەوەی بە تۆمەتی خۆدزینەوە لەدانی باج تۆمەتبار کراوە.



ڕووداو وەرزشی

LOTTO

(ڕووداوی وەرزشی)

بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە

ناو : ......................................................

مۆبایل : ......................................................

5

چل و چوارەمین پێشبڕکێ

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (ڕووداوی وەرزشی) ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی ڕووداوی وەرزشی بەشداربە.

**خەڵاتەکان خەڵاتەکان**

1 ـ ئامێری ڕۆیشتنی کارەبایی .
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD .
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ .
4 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ .
5 ـ مۆبایل.

پێشبڕکێ

به کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

نامەیەک بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:
0750 833 3555
لەگەڵ ناوی خۆت



سەرهەنگ عەلی
لە
سلێمانی

بە لێدوانی:
(خۆشەویستی وڵات، پێکان و پێکەنین کۆدەکاتەوە)
بووە براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو.






ڕووداو وەرزشی
ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە

سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
0750 454 71 68 - e-mail:ihsan@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ شاهۆ محەممەد

ڕووداو
هەموو دووشەممەیەک
بخوێنەوە
ڕووداو هەمووماں گەنجتر دەکاتەوە
www.rudaw.net